وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانکۆی صلاح الدين / هەولێر

کۆلێژی بەڕێوەبردن و ئابووری

بەشی ئابووری

# ڕەوشی وەبەرهێنانی بیانی لە هەرێمی کوردستان

# (2024-2023)

# شاری هەولێر وەك نموونە

ئەم توێژینەوەیە پێشکەش بە ئەنجوومەنی بەشی ئابووری کراوە, وەك بەشێك لە پێداویستیەکانی بەدەست هێنانی پلەی بەکالۆریۆس لە زانستی ئابووریدا


**ئامادەکردنی**

حازان حاتم قادر

واجده شهاب نوری

ايمان دانا سعيد

**بەسەرپەرشتی**

م. بەفرین صابر کریم


2722کوردی 1444 کۆچی 2023 زاینی

بسم الله الرحمن الرحيم

﴿قالَ تَزرَعونَ سَبعَ سنِينَ دأَباً فَما حَصَدتُّم فَذَرُوهُ في سُنبُلِهِ اْلا قليلاً مِمَّا تأكُلُون﴾

صدق الله العظيم

سورة يوسف: ايه ﴿47﴾

# پێشکەشکردن

**پێشکەشە بە :**

- هەموو ئەوانەی حەز بە زانینی زانست دەکەن.
- دایك و باوکی زێدە ئازیزمان.
- هاورێ و هاوپۆلی کۆلێژەکەمان.
- سەرجەم مامۆستایان بە تایبەت مامۆستایانی بەشی ئابووری.

**توێژەران**

## سوپاس و پێزانین:

سوپاس بۆ ئەو خودایەی کە ئێمەی لە نەبوونەوە هێنایە بوون و یارمەتیداین بگەین بەوەی کە ئێستا هەین، وە درود بڕژێت بەسەر گیانی پاکی سەروەری مرۆڤایەتی پێغەمبەرمان محمد (درودی خوای لەسەر بێ). وە بە پێویستی دەزانین کە سوپاسی سەرپەرشتیاری توێژینەوەکەمان (م. بەفرین) بکەین کە یارمەتی داین لە کاتی توێژینەوەکەمان. وە سوپاسی سەرجەم ئەو مامۆستایانە دەکەین کە لەماوەی ئەو چوار ساڵە لەگەڵمان بوون و زانیاریان پێ بەخشین. وە لە کۆتایشدا سوپاس بۆ سەرجەم ئەوانەی کە یارمەتی دەرمان بوون لە تەواوکردنی توێژینەوەکەمان.

توێژەران

# نـــاوەڕۆك


پێشكەشكردن ........................................................................................................ ب

سوپاس و پێزانین: ............................................................................................... ج

نـــاوەڕۆك ........................................................................................................ د

پێشەكی........................................................................................................... 1

بەشی یەكەم ....................................................................................................... 5

﴿ توێژینەوەی تیۆری ﴾ ........................................................................................ 5

توێژینەوەی یەكەم:- ............................................................................................. 5

باسی یەكەم........................................................................................................ 5

﴿ پێناسەی وەبەرهێنان و وەبەرهێن ﴾ ........................................................................ 5

باسی دووەم........................................................................................................ 7

﴿ جۆرەكانی وەبەرهێنان ﴾...................................................................................... 7

باسی سێیەم ....................................................................................................... 12

﴿ گرنگی وەبەرهێنانی ﴾ ......................................................................................... 12

توێژینەوەی دووەم:-............................................................................................. 16

باسی یەكەم........................................................................................................ 16

﴿ پێناسەی وەبەرهێنانی بیانی ﴾ .............................................................................. 16

باسی دووەم........................................................................................................ 17

﴿ جۆرەكانی وەبەرهێنان بیانی ﴾ .............................................................................. 17

باسی سێیەم........................................................................................................ 18

﴿ پەرەسەندنی چەمكی وەبەرهێنانی بیانی راستەوخۆ ﴾ ..................................................... 18

باسی چوارەم ...................................................................................................... 19

﴿ رەوشی وەبەرهێنانی بیانی لە هەرێمی کوردستان ﴾ ... 19

توێژینەوەی سێیەم: ... 22

باسی یەکەم ... 22

﴿ پێکهاتەکانی وەبەرهێنانی بیانی راستەوخۆ﴾ ... 22

باسی دووەم ... 23

﴿ خاسیەتەکانی وەبەرهێنانی بیانی راستەوخۆ ﴾ ... 23

باسی سێیەم ... 25

﴿ ئامانجەکانی وەبەرهێنانی بیانی راستەوخۆ ﴾ ... 25

باسی چوارەم ... 26

﴿ رێگاکانی وەبەرهێنانی بیانی راستەوخۆ ﴾ ... 26

توێژینەوەی چوارەم ... 28

ئەو هۆکارانەی دەبنە هۆی راکێشانی وەبەرهێنانی بیانی راستەوخۆ ... 28

توێژینەوەی چوارەم:- ... 28

﴿ ئەو هۆکارانەی دەبنە هۆی راکێشانی وەبەرهێنانی بیانی راستەوخۆ ﴾ ... 28

بەشی دووەم ... 33

بەشی پراکتیکی توێژینەوە ... 33

دەرئەنجام و پێشنیارەکان ... 45

دەرئەنجام: ... 45

دهرئەنجامی پراکتیکی: ... 45

پێشنیارەکان ... 46

سەرچاوەکان ... 47

نموونەیەک لە ئەنکێتی پرسینەوە ... 49

## ليستی خشتەکان

خشتەی ژمارە ( 1 ) جۆری کۆمپانیا .......................................................................... 33

خشتەی ژمارەی( 2 ) مێژووی کارەکەتان بۆ کەی دەگەڕێتەوە ............................................................ 34

خشتەی ژمارە( 3 )چۆنیەتی بەدەست هێنانی مۆڵەتی کۆمپانیا ............................................................ 35

خشتەی ژمارە( 4 ) ئایە پەیوەندی کۆمپانیا بە دەستەی وەبەرهێنان لە چ ئاستێکدایە ................................. 36

خشتەی ژمارە ( 6 ) ئایە حوکومەت ئاسانکاری بۆ کۆمپانیاکان دەکات لە کاتی کارکردنیاندا ................................. 38

خشتەی ژمارە( 7 ) جۆری ئەو ئاسانکاریەی کە حکومەت بۆ کۆمپانیای دەکات ..................................................... 39

خشتەی ژمارە ( 8 ) ئایە کۆمپانیا لە کاتی کارەکانیدا گرینگی بە چ بوارێك دەدات .............................................. 41

خشتەی ژمارە( 9 ) ئایە حکومەت دەست لە کاروباری کۆمپانیاکان وەردەدات ........................................................ 42

خشتەی ژمارە ( 10 ) هۆکاری ڕاکێشانی وەبەرهێنانی بیان چی یە ................................................................ 43

خشتەی ژمارە ( 11 ) کۆسپەکانی بەردەم وەبەرهێنان ........................................................................ 44

## پێشەکی

وەبەرهینان چالاکیەکی سەرەکیە وە کلیلی پەرەپیدانی ئابوری دەولەتانی جیهانە بە تایبەت ولاتانی تازە پیگەیشتوو کە دەنالینن بە دەست کەمی سەرمایە وکەمی داهاتی نیشتیمانی کە ئەمەش لە ئەنجامی کەمی بەرهەمی نیوخۆیی گشتیەیوەیە وە پەیدا کردنی سەرمایە کە یەکێکە لەسەرچاوەکانی جۆری بیانی ناوخۆ گرنگیەکی تایبەتی هەیە بۆ پەرەپێدانی بنەمای پێشخستنی کەرەستەکانی ئابوری وکۆمەلاَیەتی و پەروەردەو تەندروستی و هاتوو چۆ و ڕامیاری .

هەرێمی کوردستان هەرێمێکە لە ڕووی سامانە سروشتیەکانی زەوی بەپیت شوینکی ستراتیجی وە تایبەت مەندی خۆی هەیە بۆ سودوەرگرتن بەمەبەستی پێشخستن و پەرەپێدانی ئابوری و کۆمەلاَیەتی و بە شێوەیەکی ڕێك و پێك ئەنجام بدرێت چونکە هاولاَتی کوردستان جۆرەها کارمەندی کارامەو بەتوانستی تێدا هەیە وەهەروەها هێنانەناوەی تەکنەلۆجیای نویَ بۆ ولاَت بۆمەبەستی پەرەپێدان هەمان گرنگی هەیە .جگە لەوەی ئەگەر بواری مەشق کردن هەبێت توانستی زیاتر دەبێت وە کوردستان بەرەو پێش دەبات بۆیە ئێمە بەو توێژینەوە بایەخمان بە وەبەرهێنان دا بۆ شیکردنەوەی کارەکان لەم بوارە ئەنجام دراوە لە هەرێمی کوردستان بەتایبەتی لە پارێزگای هەولێر .

گومان لەوەدا نیە کە وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان بە تایبەت وەبەرهێنانی بیانی جا چ راستەخۆبیَ یان ناراستەوخۆ ڕۆلێکی بەرچاوی هەبووە لە بەرەوپێشبردنی ئابووری و بوژانەوەی ژێرخانی ولاَت لە سەرجەم بوارەکان، بۆیە ئێمەش وەك بەشێك لە قوتابیانی کۆلێژی بەڕێوەبەردن و ئابووری لە بەشی ئابووری هەستاین بە ئەنجام دانی توێژینەوەیەك لە ژێر ناونیشانی (وەبەرهێنانی بیانی لە هەرێمی کوردستان). بەوهیوایەی توانیبێتمان بە پێی توانا خزمەتێك بەو بوارە بکەین، چونکە ئەگەر تێبینی بکەین دەبینین ئیستا سەرجەم ولاَتان چاویان بڕیوەتە سەر هەرێمی کوردستان و دەیانەویَ وەبەرهێنانی تێدا بکەن .

## گرنگی توێژینەوەکە:

لە ڕۆژگاری ئێستاماندا هەرێمی کوردستان وەبەرهێنانی پێویستە بە تایبەت لەبواری ژێرخانی ئابووری چونکە راستەوخۆ پەیوەندی بە ژیانی هاولاَتیانەوە هەیە، وە دەمانەویَ دەری بخەین بۆ هەموولایەك کە وەبەرهێنان لە هەموو ولاَتێك گرنگیەکی زۆری پێدەدری لە سەرجەم بوارەکانی ئابووری وە هەرێمی کوردستانیش پێویستە گرنگیەکی زیاتر بەم بوارە بدات و ئاسانکاری بۆ وەبەرهێنەران بکات تاوەکو وەبەرهێنانیان بگوازنەوە بۆ هەرێمی کوردستان بۆیە توێژەران ئەم بابەتەیان هەلَبژاردووە.

## گرفتەکانی توێژینەوە:

هەرێمی کوردستان هەرێمێکە رووبەرووی زۆریك لە کیشە ئابوریەکان بەتایبەت کیشەی قەیرانی دارایی بۆیەوە  وە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە هەرێمی کوردستان هەرێمێکە سالانیکە دەرگای لەسەر وەبەرهێنان کردۆتەوە و بەردەوام گرفت لەبەر دەم وەبەرهێنان درووست دەبێت بەوەی کە تائێستا ژێرخانێکی گونجاوی نیە و وەبەرهێنان دوودڵن لە وەبەرهێنان تێیدا. هەروەها نەبوونی دەزگایەکی ئاماری کێشە لەبەردەم توێژەران درووست دەکات هەروەها بوونی رۆتینیاتێکی زۆر لەبەردەم بەدەست هێنانی زانیار و ماندووبوونی توێژەران بەوەی تا ئێستا داتاکان بە ئەلیکترۆنی نەکراون بۆ ئەوەی توێژەران لە رێگەی تۆری ئینتەرنێتەوە ئەم داتایانە بەدەست بهێنێت.

## ئامانجەکانی توێژینەوە:

ئامانج لەم توێژینەوە ئەوەیە کە رونی بکەینەوە کە وەبەرهێنان چ رۆڵێکی هەیە لەبەردەم بەرەوپێشچوونی ئابووری ولآت و دەستنیشانکردنی ئەو گیروگرفتانەی دێنە بەردەم وەبەرهێنان، وە وەبەرهێنان رۆڵێکی گرینگ دەبینێت لە گەشەی ئابووری کوردستان و ولآتانی تر بۆیە دەبێت گرنگی پیێ بدرێت تاوەکو وولآت لە قیران ئابووری بپارێزیت ، وە دەمانەوێ بیخەینە روو کەئایە ئامەنجەکانی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان چین، وە روونی بکەینەوە کە ئایە وەبەرهێنان لەهەرێمی کوردستان ئاراستەکەی بەرەو کوێیە و لە چ ئاستێك خۆی دەبینێتەوە

## پرۆگرامی توێژینەوە:

خۆی لە شیکردنەوە و توێژینەوە دەبینێتەوە لە سەر ئاستی وەبەرهێنان و ئەو بوارانەی کە زۆرترین وەبەرهێنانی تێدا ئەنجام دەدرێ وە لە کۆتایدا بۆئەوەی بگەین بە دەرەنجامێ. وە خۆی دەبینێتەوە لە دوو توێژینەوە کە ئەویش توێژینەوەی تیۆریە ئەویتریان توێژینەوەی پراکتیکیە کە خۆی دەبینێتەوە لە دابەشکردنی (100) ئەنکێتی پرسینەوە بەسەر (100) کۆمپانیا و خستنەرووی دەرەنجامەکانی ئەم ئەنکێتانە و شیکردەوەشیان.

## سەرچاوەی زانیارییەکان:

توێژینەوە پشتی بەستووە بە سەرچاوە و زانیارییەکانی پەرتووك و نامەکانی زانستی و چاوپێکەوتنەکان و هەروەها زانیارییەکان لە رێی ناوەندە پەیوەندی دارەکانی سەر بە حکومەتی هەرێمی کوردستان.

## گریمانی توێژینەوە:

توێژینەوە وا دادەنێت کە دامەزراوەکان وەك پێویست نەیان توانیوە گرنگی بە کەرتی وەبەرهینان بدات توێژینەوەکە وادادەنێت کە هەرێمی کوردستان لە بواری وەبەرهێنان اە هەندی کەرتی جیاوازدا و دامەزراوەکان و حوکومەت وەك پێویست نەیانتوانیوە گرنگی بە بواری وەبەرهێنان بدەن بە گشتی, بە هۆی نەبونی ژێرخانی ئابووری گونجاو وە نەتوانراوە هەلی وەبەرهێنانی باش برەخسێنرێ.

# بەشی یەکەم

## توێژینەوەی تیۆری

## توێژینەوەی یەکەم

**باسی یەکەم: پێناسەی وەبەرهێنان و وەبەرهێن.**

**باسی دووەم: جۆرەکانی وەبەرهێنان.**

**باسی سێیەم: گرنگی وەبەرهێنان.**

## بەشی یەکەم
## ﴿ توێژینەوەی تیۆری ﴾

### توێژینەوەی یەکەم:-
### باسی یەکەم
### ﴿ پێناسەی وەبەرهێنان و وەبەرهێن ﴾

#### 1- وەبەرهێنان:

- کارێکی ئابووریە بریتیە لە پاشەکەوت کردنی دارایی و سەرەوت, وە ئامادەکردنی بارودۆخێکی گونجاو بۆ بەکارهێنانی لە بەرهەم هێنانی کەل و پەل بەمەبەستی خزمەتکردنی ئابووری و تاکەکان لە دوارۆژدا وە کەرستەیەکە بۆ گشت گەشەکردنەکانی داهاتوو.

یان بە واتای زیادبوون و گەشەکردنە ئەمەش لە دراو چ لە شێوەی کۆتاییەکەی یان لە شێوەی بازرگانیەکەی یان زۆر شێوەی جیاواز کە مرۆڤ ناسیویەتی بە درێژایی مێژوو چ لە شێوەی عەقاری یان گوازراوە بێت وە هەروەها شێوازی تری هەیە لە سەردەمی نویدا جگە لە دراو ئەوەش لایەنی مەعنەوی کە بە دیار دەکەوێت لە مافەکانی بیری و ئەدەبی و مافی داهێنان و دروست کردن [1] .

یان بە واتایەکی تر وەبەرهێنان بەکارخستنی پارەیە لە پرۆژەی ئابووری و کۆمەلایەتی و رۆشنبیری ، بە ئامانجی کەڵەکەبوونی سەرمایەی نوێ و بەرهەم هێنان یان نوێ کردنەوەی سەرمایەی کۆن.

#### 2- وەبەرهێنەر:

کەسێکی ئاساییە ، یان کەسێکی ڕەچاوکەرە کە هەندێك جار ڕووبەڕووی ترسناکی دەبێتەوە لە ڕووی کارپێکردنی داهاتە تایبەتیەکانی یان ئەو داهاتانەی کە هی پەرەپێدەرێکی ترە بەڵام ئەو لەسەر شانی خۆی دای دەنێت, بۆیە بەدی هێنانی ئامانجەکانی خۆی لا گرنگە کە زۆربەی کات بۆ بەدەست هێنانی قازانجێکی ترە لە لایەنی ماددی ، وە هەروەها چەندەها قازانجی تری نا ماددی. بەمانایەکی تر کەسێکە کە دارایی و سامانەکەی بۆ دەوڵەت وە بەردەهێنێت کە ئارەزوو دەکات بەپێ ی بەندەکانی یاسا یان بڕیاری دەرچوو لەو دەوڵەتە تایبەت بە وەبەرهێنان جا چ نیشتمانی یان بیانی بێت.

**وەبەرهێنەر بۆ دوو بەش دابەش دەکرێت :**

#### أ- وەبەرهێنەری ناوخۆیی:

ئەو کەسەیە سەروەت و سامانی لەناو دەوڵەت بەگەر دەخات کە تیایدا نیشتەجێیە واتە لەناو خاکی نیشتمانەکەیدا.

#### ب- وەبەرهێنەری بیانی:

---

[1] (رحيم،عبدالله،عوسمان،2013،ص44-45).

دەستەواژەی وە بەرهێنانی بیانی بەو کەسە دەگوترێت کە وەبەردەهێنێت یاخوود دارایەکەی لە دەوڵەتێکی دیکە دەخاتە گەر بە مەبەستی وەبەرهێنان جا چ بە شێوازێکی بازرگانی بێت لە رووی پێك هاتەوە یان بە پێی رێکخراوی بێت.

## باسی دووەم

## ﴿ جۆرەكانی وەبەرهێنان ﴾

### 1- وەبەرهێنان بە گوێرەی ماوە کە بەم شێوەیە دابەش دەكرێت :

#### أ- وەبەرهێنانە کورت خایەنەکان[1]

پەرەپێدانە کورت خایەنەکان (ناوەخۆ و دەرەکی) هەر یەك لە دانراوە کاتیەکان و پەراوە پارەیەکان (أسهم و الاسندات) و ئاسانکارییە پاراستنەکان بە سەرمایەدارکردنی کرێکار و سەرمایەدارکردنی بازرگانی ناوەخۆ و دەرەکی [1].

#### ب- وەبەرهێنانە درێژخایەنەکان:

وەبەرهێنانی دامەزراو و رێگا پێدراو دەگەرێتەوە کە دەمانەوێت بیانهێڵینەوە و کاریان پێ بکەین بۆ ماوەیەکی درێژخایەن وە پێویستە سەرمایەیەکی زامنکراوی هەبێت لە کاتی وەبەرهێنانی درێژخایەن ، ئەمەش دەچەسپێت لەسەر هەموو پەرەپێدانە ناوەخۆیەکان و دەرەکیەکان و لە گرنگترین جۆری ئەم پەرەپێدانە ، پەرەپێدانەکان پرۆژەکانی زەوی و زار کە دانامەزرێت بە مەبەستی فرۆشتن هەروەها هۆتێلەکان و کارگەکان و زەوی کشتوکالی و پرۆژەکانی گواستنەوە بە هەموو جۆرەکانیەوە و هەروەها جۆری تریش [2].

### 2- وەبەرهێنان بە گوێرەی جۆری بنچینەی :-

#### أ- وەبەرهێنانی ڕاستەقینەکان یان ئابووریەکان:

وەبەرهێنان دادەنرێت بە راستەقینە یان ئابووری هەر کاتێك کە وەبەرهێنەرەکە توانی ببێتە خاوەنی راستەقینەی سەرەکی شتێك وەك (زەوی و زار ، شتوومەك ، زێر....هتد).

#### ب- وەبەرهێنانی پارەیی یان ( مالی):

[1] العيساوي، كاضم جاسم، دراسات الجدوى الاقتصادية والتقيم المشروعات ، تحليل نظري وتطبيقي ،دار المناهج للنشر والتوزيع،مكتبة المركزية ،غزة،2005. ،ص202)

[2] الحضيری، حامد العربی، تقيم الاستثمار، دار الكتب العلمية للنشر والتوزيع، القاهرة ،2000، ص81-83

مەبەستمان لەم جۆرەی وەبەرهێنانە بریتییە لە ئاڵ و گۆڕکردنی کەل و پەلی پارێزراو لە پێشکەشکردنی پشك و سندات وا ناکات پەرەپێدان تێدا زیادەی نموونە بچێتە سەر ، بەڵکو کڕینی ئەم پشکانە لەوانەیە ببێتە هۆی بە دارایکردنی چالاکیەکانی پەرەپێدانی جۆری جیاواز.

## 3- وەبەرهێنان بە گوێرەی خەسڵەتە ماددیەکان:-

### أ- وەبەرهێنانی ماددی

ئەم جۆرەی وەبەرهێنانە بە شێوەیەکی لاسایکردنەوە دەبێت کە ئەویش مەبەستی لە وەبەرهێنانە راستەقینەکانە لەسەر بنەمایەکی راستی دانراوە ، وەکو وەبەرهێنان لە خانوبەرە, وە پرۆژەکانی زەوی و ئامێرەکان ، ئەم جۆرە وەبەرهێنانە بە بنچینەی سەرەکی دادەنرێت بۆ زۆربوونی خەرجی نەتەوایەتی وەکو وەبەرهێنانی راستەقینەکان [1].

### ب- وەبەرهێنانی سەرمایەی مرۆیی:

مەبەست لەم وەبەرهێنانە بریتیە لە توخمی مرۆیی ئەویش لە رێگەی فێرکردن و راهێنان و ئامادەکردنی بە گوێرەی پێویستەکانی، ئەویش بە مەبەستی بە ئەنجام گەیاندن و جێبەجێ کردنی پەرەپێدانی ئابووری لە رێگەی بەرزکردنەوەی ئاستی مرۆڤ کە خۆی پێی جیادەکاتەوە چونکە زیاد بوونی بەرهەم بنچینەی پەرەپێدانی ئابووریە [2].

## 4- وەبەرهێنان بە گوێرەی لایەنەکانی وەبەرهێنان:-

أ- وەبەرهێنانی زەوی و زار.

ب- وەبەرهێنانی گەشت و گوزار.

ج- وەبەرهێنانی پیشەسازی.

ء - وەبەرهێنانی کشتوکاڵ.

ه- وەبەرهێنانی بازرگانی.

---

[1]) العيساوي،هەمان سەرچاوەی پێشوو،ص202.

[2]) خالد واصف الوزني واحمد حسين الرفاعي ،مبادئ الاقتصاد الكلي بين النظرية والتطبيق ،دار وائل للطباعة والنشر والتوزيع ،الطبعة الحادية عشرة ،2014،ص87

## 5- وەبەرهێنان بە گوێرەی شوێنی جوگرافی:-

### أ- وەبەرهێنانی ناوخۆیی:

بریتیە لەو وەبەرهێنانە سەرەکیەکانەی کە وەبەرهێنەرەکان دەیگرنەبەر جاچ کەسی ئاسای بن یان کەسی دیاری کراو یان ئەو جۆرە وەبەرهێنانەی کە وولاٰت دەیانگرێتە بەر لە وولاٰتی وەبەرهێنەر بەبێ ڕەچاوکردنی سەرچاوەی ئەو سەرمایەی کە بۆ وەبەرهێنەرەکە بەکار دێت جا چ ناوەخۆیی بێت یان دەرەکی، وە جۆرەکەشی بە جۆری پەرەپێدان نوێنەرایەتی دەکرێت کە لە بوارە جیا جیاکانەوە بە وەبەرهێنانی مرۆیی وەك( وەبەرهێنان لە بواری فێرکردن و تەندروستی و رۆشنبیری و هەروەها لە بوارەکانی ڕاهێنان و ئامادەکردن)، لێکۆڵینەوەکان ئەوەیان دەرخستووە کە بەرهەمی کرێکاری خوێندەوار زۆرترە لە بەرهەمی نەخوێندەوار, ئەویش لەبەر ئەوەی کرێکاری خوێندەوار گرینگی دەدات بە خوێندەواری و رۆشنبیری و تەندروستی ، هەر لەم ڕوانگەیەشەوە دەتوانین یەکێك لەو بەربەستانەی ڕێگر بووە لە بەردەم پەرەپێدانی ئابووری لە وولاٰتە گەشەکردووەکان بە هۆی گرنگی نەدان بووە بە توخمی مرۆڤ ئەوەش بۆتە هۆی کەم بوونەوەی بەرهەمەکان. وە دەکرێت ئەو وەبەرهێنانە کورت خایەن بن یان درێژخایەن وە ئەمەش هەموو جۆرەکانی وەبەرهێنان دەگرێتەوە ، وە لە گرنگترین جیاکەرەوەکانی وە بەرهێنانی ناوەخۆیی کە وولاٰت دەگرێتە بەر لە زۆربەی کاتەکاندا کە روحی بەراورد کردنی تێدا نیە لە نێوان تێچووی وە بەرهێنان و داهاتی ماددی بە شێوەیەکی ڕەها ، ئەویش بە هۆی ئەوەی زۆر بە زەحمەت کە هەندێك لەو وەبەرهێنانە بخەملێنرێ لە ڕێگاکانی ماددی و خەملاندن. وە ئەم جۆرەی وەبەرهێنان هەموو جۆرەکانی هەلی وەبەرهێنان لە بازارە ناوەخۆییەکان دیاری دەکات بێ گوێدانە جۆری ئامێری وەبەرهێنان چ زەوی و زار ، پەراوی ماددی ، زێر ، پرۆژەکانی بازرگانی ...هتد [1].

[1]) عبدالله مهنا غانم ومحمد عطية مطر، مبادئ الاستثمار الهيئة العامة للتعليم التطبيقي والتدريب ،طبعة ثانية ،1990،ص45).

**خەملاندن و هەڵسەنگاندنی ئەم وەبەرهێنانەش دەگۆڕێت لەبەر چەند هۆیەك:**

**1-** وەبەرهێنانی کورت خایەن کەمتر ترسناکە بە بەراورد کردن لەگەل وەبەرهێنانی درێژخایەن بە هۆی فاکتەری کات کە پڕە لە شك و دڵنیابوونەوە.

**2-** وەبەرهێنانە کاتییەکان گەرەنتی خۆی لەگەل دایە وەکو دانراوەکان لە بانکەکاندا.

**3-** ئەم پەرە پێدانانە تایبەتمەندی ئاسانکاری و گۆڕانی تێدایە وە دەکرێت بگۆردرێت بۆ نقدی بە شێوەیەکی خێرا لە (أسهم و الاسندات).

**4-** دیاریکردنی نرخی پەراوە ماددیەکان (أسهم و الاسندات) لە ڕێگەی میکانیزمی بازاڕی پەراوە ماددیەکان بە شێوەیەك کە پەرەپێدەر ناتوانیٚ حاڵەتەکە بخەڵمێنرێت تەنها لە چەند حاڵەتێکی دیاریکراوی کڕین و فرۆشتن نەبێت.

**5-** ئەم جۆرەی وەبەرهێنانە پشت نابەستێت بە قازانجی سەرمایەداری بە شێوەیەکی سەرەکی , وەکو لەو قازانجانەی بە تایبەتی لە بواری زەوی و زاری کشتوکاڵ و هەندێك لایەنی تریش.

**6-** بوونی دامەزراوی ماددی (پارەی) کە هەڵدەستێت بە شیکردنەوەی پەراوە ماددیەکان و دابەش کردنی و پێشکەش کردنی راپۆرتی دەوری کەوا لە پەرەپێدەر دەکات کە بڕیار بدات لە ژێر رۆشنایی زانیاری, هەر وەك پێدەچێت ئەم جۆرەی پەرەپێدانە هەر وەك پەرەپێدانی درێژخایەنەکان بە شێوەی دەخەڵمێنرێت کە لەسەر بنەمای ڕێگاکانی زانستی ناسراو بە ڕێگای تری خەملاندن, هەبوونی فاکتەری کات و زانیاری پێویست وا لە پەرەپێدانی کورت خایەن دەکات کە کەمتر مەترسی هەبێت لە جۆرەکانی تری پەرەپێدان .[1]

**ب- وەبەرهێنانی دەرەکی:**

ئەم جۆرەی وەبەرهێنانە بە هۆکارێکی گرینگ دا دەنرێت لە بەرەو پێش بردن و پەرەپێدانی داهاتە نیشتیمانیەکان بۆ وولاٚتان هەر لە دێر زەمانەوە ، لەگەڵ ئەوەی ئەم جۆرەی وەبەرهێنان درێژەی هەبووە و بلاٚو بۆتەوە لە دەرەوەی ئەورووپا لە سەدەکانی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەم ، بەلاٚم پێشکەوتنی بە خۆیەوە بینی لە هەموو شوێنەکان و هەموو جۆرەکانی لە دوای جەنگی جیهانی دووەم کاتێك چەند وولاٚتێك بە تایبەتی وولاٚتانی پیشەسازی هەوڵیان دا لە ڕێگەی دامەزراوە گشتیەکان کە بگەڕێن بە دوای بازاڕی دەرەکی بۆ وەبەرهێنان لە سەرمایەکانیان یان لە بازاڕەکانیاندا بۆ وەبەرهێنان لە داهاتە سروشتیەکان و پێداویستی کار پێکردنی

---

[1]) عبدالسلام ابو قحف ، اقتصاديات الاعمال والاستثمار الدولي، دار الجامعة الجديدة ، الاسكندرية ، مصر،2003،ص411.

کارگەکانیان. وەبەرهێنانی دەرەکی چەند تایبەتمەندیەکی هەیە هەروەها چەند کەم و کوریەکیشی هەیە ، لە گرنگترین تایبەتمەندەکانی ئەوەیە کە بۆ وەبەرهێنەر لە هەڵبژاردەکانی ئامێرەکانی وەبەرهێنان ، چەند یەکەی ئەم ئامێرانە وا دەکات ترسناکی وەبەرهێنان دابەش دەکرێت ، لەلایەکی ترەوە لایەنەکانی وەبەرهێنانی دەرەکی بەوە جیا دەکرێتەوە کە بازاری رێکخراوی تایبەتی هەیە بۆ گۆرینەوەی ئامێرەکانی پەرەپێدان وەکو( بازاری دراوەکان ، بازاری شتوومەك ، بازاری زێر ، بازاری زەوی و زار ...هتد [1].

ئەم بازارانەش بە شێوەیەکی رێك و پێك بەیەکەوە بەستراونەوە کە زۆر چالاك و ئاسانکاری گەیاندنی زانیاریەکان بۆ وەبەرهێنەر ئەنجام دەدات لەگەڵ بوونی چەند تایبەتیەك لەو جۆرە پەرەپێدانە بەڵام کەم و کورتشی هەیە لەگەڵ وەبەرهێنانی دەرەکی دا هەبووە کە لە (5) سەدەی یەکەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستەم لە گرنگترینیان دروست کردنی دوانەیە لە ئابووری وولاتە گەشەکردووەکان ، وە کەم بوونەوەی سامانەکان لە بەرامبەرێکی نا یەکسانی کە وای کردووە ترسێك دروست بێت لە لایەن ئەم وولاتانە لە دووبارە بوونەوەی ئەم کارانە, لە لایەکی ترەوە دەبێتە هۆی ئەوەی کە نەتوانرێت پرۆژەی نیشتمانی دروست بکرێت ئەویش بە هۆی ئەوەی وەبەرهێنەری دەرەکی لایەنێکی ماددی و بەرێوەبردن و هونەری تەکنەلۆجی بەرزی هەیە کە وەبەرهێنەری دەرەکی ناتوانێت بەرەو روو بێتەوە.

[1]) الحضيري،هەمان سەرجاوە،ص90.

## باسی سێیەم

## ﴿ گرنگی وەبەرهێنانی ﴾

وەبەرهێنان گرنگیەکی گەورەی بە خۆی بینیووە لە بیرکردنەوەی ئابووری کۆن و هەر چەند بە جۆرێك ناتوانرێ ووزەکانی بەرهەم هێنان زیاد بکرێت لە کۆمەلگا بەبێ دابین کردنی بەشێك لە داهاتی بەردەوام بۆ ئامانجەکانی بەرهەم هێنانی لە داهاتوودا.بە گەرانەوە بۆ مێژووی دەبینین کە زۆربەی ئابورپناسان وەك هەموو قوتابخانە ئابووریەکان تەئکید لەسەر رۆڵی پەرەپێدان دەکەنەوە لە بەروپێش بردنی ئابووری وە پەرەپێدان چەند کاریگەریەکی جیاوازی هەیە لەسەر بەرەو پێش چوون و گەشەکردنی ئابووری ، ڕیژەیی گەشەکردنی ئابووری و دەست کەوتوو لە وولاتێك تەنها ڕاناوەستێت لەسەر جۆری چەندی داهاتی ئابوریەکان بەڵکو لەسەر چۆنیەتی دابین کردنی بڕی دیاری کراوو و ڕێ پێدراو ڕادەوەستێت کە دەگونجێت لەگەڵ پڕەنسیپەکانی توانای ئابووری ، پاشان گەیشتن بە بڕیارەکانی پەرەپێدان و مەودای گرێدانی بە هاتنەدی ڕیژەیی بەرز لە پەرەپێدانی ئابووری پەرەپێدانی بیانی لە ئابووری هەر چەندە بۆتە سەرچاوەی بە سەرمایەکردنی پرۆژەکان گەشەپێدانی ئابووری بە تایبەتی لە وولاتانی گەشەسەندوودا. پەرە پێدانی بیانی بە ناوەرۆکێکی گرنگ دەژمێردرێت لە ستراتیجیەتی نیشتمانی بۆ بەدی هێنانی گەشەکردنی ئابووری و کۆمەلایەتی ئەم بۆچوونە لەلایەن وولاتانی جیهانی پێش کەوتوو کە بە گەورەترین سەرچاوەی پەرەپێدانی بیانی سودمەند دادەنرێت،وە زیاتر جەخت لەسەر هەبوونی سیاسەتێکی ئابووری گونجاو دەکات لە پەرەپێدانی بیانی راستوخۆ کە ئەمەش هاندەرێکی بەهێزە بۆ جێگریکردنی نەتەوەکانی لەسەر ئاستی جۆراو جۆر لە گەشەکردنی ئابووری جیهانی وە زۆربەی وولاتانی جیهانی پێشبرکێ دەکەن وە دەگەرێن لە سەرنج راکێشانی وەبەرهێنانی بیانی راستەوخۆ وە کۆمەلگای نێودەولەتی هەمووی هەولەکانی کۆ دەکاتەوە بۆ یارمەتی دانی ئەو وولاتانەی کە گەشەکردنیان کەمترە بۆ راکێشانی دراوی بیانی بۆ پەرەپێدان یارمەتی دانی بۆ گەشەکردن و پێشکەوتن ، گرنگی پەرەپێدان بە دەردەکەوێت لە بەستنەوە و بەرنامە دارێژراوەکانی بە کردار و چالاکیە ئابووریەکانی تر وە پەیوەندیەکی باش لە نێوان بەرهەم هێنان و بەکارهێنراو هەیە [1].

وە پەرەپێدان و گەشەکردن بە ناوەرۆکی پێشخستنی ئابووری دا دەنرێت چونکە ئەمە هەموو هێزەکانی بەرهەم هێنانی دوولایەنە لە ئابووری نەتەوەیی بەمەش بناغەیەکی پیشەسازی باش دروست دەکات بۆ بەردەوام بوون و پێشخستنی باری ئابووری وە وەبەرهێنان کار دەکات بۆ دروست بوونی کار لە دوای کار کە ئەمەش دەبێتە هۆی زیاد بوونی سەرمایەی نەتەوەیی ، یەکەم کەس کە بیرۆکەی (

[1]) ادريس رمضان حجي، محددات الاستثمار الاجنبي المباشر في اقليم كردستان، دراسة ميدانية في عينة من شركات الاستثمار المباشر(2005-2006) رسالة الماجستير،جامعة صلاح الدين ،كلية الادارة والاقتصاد، اربيل،2008،ص66)

دووهێندە )ی خستەسەر بیردۆزی ئابووری (البریفسور) بوو بەڵام بەکارهێنان و گشتی کردنی ئەم بیرۆکەیە ئەویش لە هەموو بارەکانی خەرج کردنی پەرەپێدان وە کارلێکردنی لەسەر چەند ئابورییە بیرکاریەکان و بۆ زانینی رادەی پەیوەندی و گۆران لە نێوان پەرەپێدان و قازانج و شێوەی زیادبوونەکە و چۆنیەتی حساب کردن ، گرنگی پێدانی وولاتە پێش کەوتووەکان بە بابەتی ئاستی دراوی لەم خالانە وەستاوە بەڵکو گەیشتۆتە رادەی بایەخ دان بە هەموو وولاتانی تر ئەمەش بە ئاشکرا دیارە کاتێك هەڵدەستێ بە ئاسانکاری بۆ گواستنەوەی سەرچاوەی دراو بۆ وولاتانی تر ئەمەش بە دەردەکەوێت لە چالاکی کۆمپانیاکان کە ناسنامەی جیاوازیان هەیە . تێبینی ئەوە دەکرێ کە بایەخ دانی **ووتە** پێش کەوتووەکان بە بابەتی پەرەپێدان ئەو بابەتانەی پەیوەستە بەمە تەنها لایەنی جۆری ناگرێتەوە بەڵکو بایەخ دان بە زیادکردنی بەرهەم هێنانی قازانجی دراو بە شێوەیەکی بەردەوام جگە لە بایەخ دانی بە هێنانەدی بەکارهێنانی دابەشکردنی لە نێو بیرۆکەکانی پەرەپێدان وە پەرەپێدان بە شێوازێکی سروشتی بەرەو ئەو وولاتانە دەچێت کە دراوی بەهێزە و لە زیادبوون دایە دەچێت یان بەلایەنی کەم نزم نابێتەوە نەك ئەو وولاتانەی کە دەنالێ بەدەست خراپ بوونی باری دراو ، بەڵام ئەم یاسایە جێگیر نیە بۆ هەموو بارودۆخێك و لە هەموو شوێنەکاندا وە بەسە بۆ پەرەپێدەر کە دراوی خۆی بە دراوی ئەم وولاتە وە پاش ماوەیەکی تر دەبینێ کە نرخی دراوەکی زیاد کردووە جگە لەو قازانجەی کە وەری دەگرێت لەم ماوەیەدا [1] .

جگە لەمە ئەگەر بێت و پەرەپێدان رێگایەك بێت بۆ زیادکردنی تواناکانی بەرهەم هێنانی ئابووری نەتەوەیی و بناغەیەك بۆ زیاد کردنی گەشەکردن لەسەر ئاستی تەکنیکی و پیشەسازی و پێشخستنی ئابووری بەڵام دەرکەوتووە لە تاقیکردنەوەکانی هەندێ شێوەی پەرەپێدان نیە بەڵکو ئەو رێگایانەش دەگرێتەوە کە بەکار دێت بۆ پەرەپێدان ، وە پەرەپێدان رێگایەکە بۆ زیاد کردنی بەرهەم ئەمەش پێویستی بە دانانی پلانێکە بۆ زیاد کردنی بەرهەم ، پەرەپێدانیش پێکهاتەی ئابووری دەوڵەت دەگۆرێ ، کۆی گەشەکردنی ئابووری لەسەر دابەش کردنی پەرەپێدانەکان راوەستاوە لە نێو کەرتەکانی ئابووری جیاوازە کە بەندە لەسەر دروست کردن و بەشێکی تایبەتی لە داهاتی پەرەپێدەرەکان لە کەرتی کشتوکاڵی بە ئامانجی ئاوەدان بوونی ئاسۆیی بۆ هێنانەدی گەشەکردنی ئابووری و دابەش کردنی ئەم پەرەپێدانانە لەسەر بناغەی دیاری کردنی ئامانجی بەرهەم لە رێگای هەڵبژاردنی پرۆژەی زۆرترین قازانج ئینجا دابەش بکرێت بەسەر کەرتەکان بەپێ ی پلان و ئامانجێك بۆی دانراوە ، دەرامەتی خێرایی گەشەکردنی ئابووری لە گشت ئابوریەکانی جیاواز وا دەکات کە دەرامەتی پەرەپێدان لە نێو کەرتەکانی ئابووری نەتەوەیی وای لێ دەکات گەشەیەکی گونجاو دروست بێت وە هێنانەدی پلانێکی ئابووری بۆ ئابوریەکان و بە تایبەتی پارەدارکردن، (التمویل)ی ئابوری گرنگترین هۆکاری پەرەپێدانی ئابووری بۆ

[1] المؤسسة العربية لضمان الاستثمار وائتمان الصادرات ،2016 ،الكويت، ص 24-26.

دروستکردنی بنەرەتە جێگیرەکان لە ئابووری نیشتمانی کەوروژێنەری سەرەکی یە بۆ بەرهەم هێنانی کەل وپەل وخزمەتگوزاری و تێرکردنی پێداویستەکانی ماددی و دەروونی کۆمەڵ، وە گرنگترین هۆکارەکان بۆ دروست بوونی وەبەرهێنان بە بوونی لایەنی ماددی بۆ کرداری وەبەرهێنان وە تەراکم لەسەر شێوەی (مدخرات)دروست دەبێت دابەشکردنی راست و دروست بۆ سەرمایەی نیشتمانی سەرمایەی نەتەوایەتی لە نێوان (الاستهلاك) وە بەرهێنان ئەمە هەمووی پلاندانانە لە نێوان راوێژکارانی سیاسی و ئابوریناسان کە دەگەرێتەوە سەر پەرەپێدان و بە هێزی لایەنی ئابووری و کۆمەلایەتی کە ئەمەش یەکجار گرنگە بۆ بەرە و پێش چوونی وولاٌت بە تایبەتی دەولّەتە هەژارەکان

# توێژینەوەی دووەم

باسی یەکەم: پێناسەی وەبەرهێنانی بیانی.

باسی دووەم: جۆرەکانی وەبەرهێنانی بیانی.

باسی سێیەم: پەرەسەندنی چەمکی وەبەرهێنانی بیانی راستەوخۆ.

باسی چوارەم: رەوشی وەبەرهێنانی بیانی لە هەرێمی کوردستان.

## توێژینەوەی دووەم :-

## باسی یەکەم

## ﴿ پێناسەی وەبەرهێنانی بیانی ﴾

ئابووریناسان پێش بینیان هەبوو لەسەر ناکۆکی زانایانی یاسا لە پێناسەی وەبەرهێنان چەند پێناسەیەکیان خستەروو لەروانگەی ئابووری وەك ( قوربانی دانی توانستی بەکاربردن بە هیوای بە دەست هێنانی زیاتر لە توانستی بەکاربردن لە ئاینده).

**لە سەرەتا دەتوانین پیناسەی بکەین بوەی کە بریتیە لە چالاکی ئابووری سەرچاوەکەی لە داهاتی نەتەوەییەوەیە ئینجا چ لەلایەن تاکەکەس بیت یان دەزگاو دامەزراوەکان بیت بەتایبەت لە وولاتانی تازە پیگەیشتوو، وە وەبەرهینان دەبیتە زۆربوونی هیزب بەرهەمداری،بۆیە بریتیە لە خەرجی لەسەر بەرهەمهینانی کالای بەرهەمهینان وەکو ئامیرو مەکینەو شیوازەکانی گواستنەوە وبینایەی نوی وزیادەی عەمبارکردنی کەرەستەی سەرەتایی و کالای نیوەند[1] .عدنان مناتی ص360**

**وەبەرهێنانی راستەوخۆ:-**( بریتیە لەوەی کۆمپانیاکان هەڵدەستن بە ئەنجامدانی وەبەرهێنان لەو پرۆژانەی کە دەکەونە دەرەوی سنوری نیشتمانی دایك, ئەویش بە مەبەستی کاریگەری لەسەر پرۆسەی ئەو پرۆژانەوە دەبێت) [2].

**وەبەرهێنانی راستەوخۆ لە روانگەی سندوقی نەختی نێودەوڵەتی:**

بریتیە لەو وەبەرهێنانە راستەخۆیەی کە وەبەرهێن (10٪) یان زیاتری پشکی سەرمایەی یەکێك لە دامەزراوەکان خاوەنداریەتی بکات و کاریگەری لەسەر بەرێوەبردنی دامەزراوەکە هەبێت.

---

[1]) عدنان مناتي ص360

2 ) أيسر ياسن فهد و احمد محمد جاسم ،أثر التنويع الاقتصادي في تحسين المناخ الاستثماري في العراق للمدة 2003-2014، مجلة جامعة التنمية البشرية / المجلد 3 العدد 2 ، 2017 :ص ص322-343).

# باسی دووەم

# ﴿ جۆرەکانی وەبەرهێنان بیانی ﴾

## 1- وەبەرهێنانی بیانی راستەوخۆ:-

بریتیە لەو کۆمپانیایەی کە هەڵدەستێ بە ئەنجامدانی وەبەرهێنان لەو پرۆژانەی کە دەکەونە دەرەوەی سنوری نیشتمانی دایك، ئەویش بەمەبەستی کاریگەری خستنەسەر ئەو پرۆژانە وە ماوەکەشی درێژخایەنە وە وەبەرهێن مافی بڕیاردان و بەڕێوەبردنی لە ناو کۆمپانیا دەبێت .

## 2- وەبەرهێنانی بیانی ناراستەوخۆ:-

بریتیە لە خاوەنداریەتی کردنی بیانیەکان بۆ پشك و قەواڵەکان لە وولاتی پێشوازی بە مەبەستی جامبازی و بەدەست هێنانی قازانج. وە دوور لە مافی خاوەنداریەتی و ئەو وەبەرهێنانەش ماوەکەی کورتە.

یان بریتیە لەوەی وەبەرهێن هەمووی کۆمپنیاکان دەکڕێت بە مەبەستی دەستکەوتی دارایی بەبێ ئەوەی پشکداری لە کاری بەرێوەبردنی کۆمپانیاکە بکات)

# باسی سێیەم

## ﴿ پەرەسەندنی چەمکی وەبەرهێنانی بیانی ڕاستەوخۆ ﴾

وەبەرهێنانی بیانی راستەوخۆ دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم کە زۆربەی ئابووریناسەکان بە ناوی (جوولەی سەرمایە) ئاماژەیان پێکردووە ئەوە بوو کۆمپانیا ئەمەریکیەکان وەبەرهێنانیان لە بەریتانیا ئەنجام دەدات ئەمەش سەرەتای لێشاوی وەبەرهێنان بوو بەرەو بەریتانیا لە ساڵی (1852) لە لایەن کۆمپانیای (کۆڵت). دوای ئەوە لەساڵی (1867) کۆمپانیای تر دەستی پێکرد ئەو دیاردەیە لە سەدەی بیستەم پەرەسەندنی بە خۆیەوە بینی بە تایبەتی لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی، ئەویش لە میانەی پرۆژەی (مارشاڵ) بۆ بنیات نانەوەی ئەوەی جەنگ وێرانی کردبوو، لەو میانەدا ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەڵسا بە کڕینی ژمارەیەکی زۆری کۆمپانیا و کارگەی پیشەسازی لە وولاتانی ئەوروپا و ژاپۆن و باری خراپی ئابووری ئەو وولاتانەی بەهەلزانی کە چەمکی وەبەرهێنانی بیانی راستەوخۆ لەو سەردەمەدا لە چەمکی ئەمڕۆ جیاوازتر بوو بەم شێوەیە بەردەوام بوو تا ساڵی (1930) کاتێك ئابووریناس (هربرت فێست) لەو ساڵدا چەمکی وەبەرهێنانی بیانی راستەوخۆی بە وەبەرهێنانی بیانی ئاماژە پێکرد، بەڵام زاراوەی زانستی (FDI) بۆ یەکەم جار لە ساڵی (1938) لە لایان (کلیانە لویس) بە کارهێنراوە ئەمەش کورتکراوەی زاراوەی ( foreign direct investment).

سەرنجی ئەوە دەدرێت کە وەبەرهێنانی بیانی راستەوخۆ بەشێکە لە زاراوەی وەبەرهێنانی نێودەوڵەتی، بەڵام هێشتا تێکەڵی لە نێوان چەمکی وەبەرهێنانی بیانی راستەوخۆ و چەمکی وەبەرهێنانی بیانی ناراستەوخۆ هەبوو، هەروەها وەبەرهێنانی بیانی راستەوخۆ پەرەسەندنی جیهانی بەرچاوی بەدەستهێناوە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گۆرانکایە گەورە و خێرایەی کە لە ئابووری جیهانی رویانداوە لەوانە :-

أ- نوشست هێنانی قەرزی نێودەوڵەتی کە قەیرانی قەرزی جیهانی لە ساڵی (1982) لێکەوتەوە.

ب- سەرهەڵدانی کۆمپانیا فرە رەگەزەکان و بە رفراوان بوونیان .

ج- سەرکەوتنی سیستەمی سەرمایەداری لە جەنگی سارد بە سەر سیستەمی سۆشیالستی دوای لێکهەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤیەت.

د- بڵاوبنەوەی بیری جیهانگیری [1].

---

[1]) احمد ابريهي علي ، الاستثمار الاجنبي والنمو وسياسات الاستقرار الاقتصادي،دار الكتب (العراق)، الطبعة الاولى ،بغداد، 2014،ص205.

## باسی چوارەم

## ﴿ ڕەوشی وەبەرهێنانی بیانی لە هەرێمی کوردستان ﴾

وەبەرهێنانی بیانی پێکهێنانی دامەزراوەییێکی ئابووری نوێیە یا فراوانکردنی دامەزراوەیەکی هەبووە لە ڕێی نیشتەجێی وڵاتێکی دیاریکراو لە نێو سنووری وڵاتێکی دیکەدا یاخود چالاکیەکی سەرمایەگوزاری درێژخایەنە کە وەبەرهێنێکی نانیشتەجێی وڵاتی میوان پێی هەڵدەستێت بە مەبەستی بەشداریکردنێکی کارا یا سەربەخۆ لە ڕووی کارگێڕی و بڕیارەوە. بە شێوەیەکی گشتی وەبەرهێنانی بیانیی ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە دوبارە بونیاتنانەوە و بەرەو پێشەوەبردنی ئابووری ئەو وڵاتانەی کە ناتوانن بە کۆشش و توانای دارایی خۆیان ئەم کارە ئەنجام بدەن بە تایبەتی ولاٌتێك کە تازە لە وەرچەرخان و گۆڕانکارییێکی سیاسی ڕزگاری بووبێت. وێڕای لایەنە باشەکانی ئەم وەبەرهێنانەش لایەنی نەرێنی خۆی هەیە بۆیە وڵاتانی جیهان بە جیاوازی سیستەم و بیروڕا سیاسی و ئابوورییەکانیان زۆر بە وریای و هۆشیارییەوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن بە شێوەییێك ڕێوشوێن و یاسای وا دادەڕێژن کەلەتەك هاتنەژوورەوەی سەرمایەی بیانیی گەورەترین دەستکەوتی ئابووری مسۆگەر بکەن. هەرێمی کوردستانی عێراقیش ماوەیەکی زۆرە دەروازەکانی والاٌکردووە لە بەردەم هاتنەژوورەوەی سەرمایەی بیانیی و پاشانیش لە ڕێی یاسای وەبەرهێنانەوە ڕێوشوێن و یاسای تایبەت بەم بوارەی دیاریکردووە. ڕەوشی ڕاستەقینەیی وەبەرهێنانی بیانیی لە کوردستاندا لە چ بارێکدایە؟ دەکرێ بڵێین ئەو پرۆژانەی کە لە کوردستاندا ئەنجام دەدرێن لە لایەن کۆمپانیاکانی بیانییەوە دەچنە چوارچێوەی وەبەرهێنانی بیانییەوە؟ بە مانایەکی دیکە دەشێ بڵێین ئەو جموجۆڵە ئابوورییانەی لە لایەن ئەم کۆمپانیایانەوە ئەنجام دەدرێن بە وەبەرهێنانی بیانیی ناوزەدی بکەین؟ تا چەند لە کوردستاندا بنەما و ڕێخۆشکەرەکانی هاتنەژوورەوەی سەرمایەی بیانیی فەراهەمکراون؟ چ بکرێت بۆ ڕاکێشانی سەرمایەی بیانی؟ چۆن بتوانین گەورەترین دەستکەوت و کەمترین نەرێنی لە وەبەرهێنانی بیانی دا مسۆگەر بکەین ؟وبە پێی ئامار و داتاکانی دەستەی وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستان ئەو پرۆژانەی مۆڵەتی دامەزراندنیان پێدراوە لە لایەن دەستەی ناوبراوەوە لە هەرێمی کوردستان و کەوتوونەتە بواری کارکردنەوە لە ساڵی (2010) دا (120) پرۆژە بوون و کەرتەکانی نیشتەجێ بوون و پیشەسازی وبازرگانی و گەشتیاری بەشێکی زۆریان بەرکەوتووە و (35%) و (21%) و (19%) ی کۆی ئەو پرۆژانە پێکدەهێنن کە ئەمەش مایەی دڵخۆشکەرە کە دەکرێت سوودیان لێ ببینرێت بۆ بوژانەوەی زیاتری ئابووری کوردستان و پەرەپێدانی زیاتری کەرتەکانی پیشەسازی و گەشتیاری و خانووبەرە کە ئەمەی دواییان بە بەربڵاوترین کەرتی کێشە لەخۆهەڵگر دادەنرێت لە کوردستاندا. پاشانیش کەرتەکانی بازرگانی و

کشتوکاڵی بە پلەی پاش ئەو سێ کەرتە دێن کە شارەزایانی ئابووری ئەوەی یەکەمیان بە بڕبڕەی پشتی بوژاندنەوەی ئابووری کوردستان دادەنرێن [1].

[1]) ادريس رمضان حجي، محددات الاستثمار الاجنبي المباشر في اقليم كردستان، دراسة ميدانية في عينة من شركات الاستثمار المباشر(2005-2006) رسالة الماجستير،جامعة صلاح الدين ،كلية الادارة والاقتصاد، اربيل،2008،ص79)

# توێژینەوەی سێیەم

باسی یەکەم: پێکهاتەکانی وەبەرهێنانی بیانی راستەوخۆ.

باسی دووەم: خاسیەتەکانی وەبەرهێنانی بیانی راستەوخۆ.

باسی سێیەم: ئامانجەکانی وەبەرهێنانی بیانی راستەوخۆ.

باسی چوارەم: رێگاکانی وەبەرهێنانی بیانی راستەوخۆ.

# توێژینەوەی سێیەم:

## باسی یەكەم

## ﴿ پێكهاتەكانی وەبەرهێنانی بیانی راستەوخۆ﴾

### 1- سەرمایەداری پشك دار:

ئەمەش بریتیە لە بڕێك پارە كە وەبەرهێنی بیانی پێشكەشی دەكات بەمەبستی كڕینی بەشێك لە پرۆژیەك لە وولاتێكی دیكە (واتە دایك نیە)بە مەرجێك نابێ ئەو بەشە لە (10٪) پرۆژەكە كەمتربێت .

### 2- قازانج دووبارە وەبەردەهێنرێتەوە:

ئەمەش بریتیە لە بەشی وەبەرهێنی بیانی راستەوخۆ (رێژەی بەشداری پشكەكە)لە قازانجی پشكەكان و قازانجی نەگوازراوە بۆ وەبەرهێنی راستەوخۆ ئەم قازانجە دەستی بەسەردادەگرێت و تا لەلایەن ئەم كۆمپانیایە لەوولاتی پێشوازی وەبەربهێنرێت [1].

### 3- قەرز لە ناوخۆیی كۆمپانیا:

ئەمەش بریتەیە لە مامەڵەی قەرزی ناوخۆی كۆمپانیا بەشێوەی ماوە كورت یان ماوە درێژ، لە وولاتان یان كۆمپانیاكانی دیكە (وولاتی پێشوازی ناگرێتەوە) سەرباری قەرزكردن لە نێوان وەبەرهینە راستەوخۆكان زۆر جار كۆمپانیا فرەرەگەز و لقەكانی سەر بەو كۆمپانیایە دەبێت، دیارە كۆمپانیا فرەرەگەزەكان گرنگترین لایەن كەهەڵدەستن بە وەبەرهێنانی بیانی راستەوخۆ وە كۆمپانیاكانیش ئێستا خاوەن توانایی دارایی تواناى تەكنەلۆژی و لێهاتووی هونەری و كارگێری خستەنە بازار و بەرهەمداری زەبەلاحن لە جیهاندا.

[1]) رحیم،عبداللە،عوسمان،2013،ص

## باسی دووەم

## ﴿ خاسیەتەکانی وەبەرهێنانی بیانی راستەوخۆ ﴾

وولاتە پەرەپێدراوەکان یان وولاتانی جیهانی سێیەم لەگەڵ بەر فراوانکردنی چوارچێوەی وەبەرهێنانی بیانی راستەوخۆن ئەمەش بۆ ژماریەك لاینی پۆزەتیڤ دەگرێتەوە :-

1- وەبەرهێنانی بیانی راستەوخۆ تەنیا لێشاوی سەرمایە نیە بەڵکو لەگەڵ ئەمەش هونەری بەرهەمداری و بەرهەمی نوێ و کارامەی کارگێری و رێکخستن و شارەزای بۆ وولاتان دەگوازرێتەوە (وولاتی پێشوازی) هەروەها وەبەرهێنانی بیانی راستەوخۆ رێگەبە بەشداری سەرمایەی ناوخۆ و کرێکاری ناوخۆ بە پلەی جیاواز دەدات .

2- بە دەست هێنانی داهات لە لایەن وولاتانی پەرێپیدراو لە شێوەی باجەکان لەسەر  پرۆژەکانی وەبەرهێنانی.

3- رەنگە ئەو وەبەرهێنانە سەرچاوەیەك بێت بۆ بەدەست هێنانی دراوی بیانی ئەویش ئەوکاتەی چالاکی پرۆژەکە بریتی بێت لە بەرهەم هێنانی بۆ هەناردەکردن بەمەش دراوی بیانی روو لە وولاتی دواکەوتوو دەکات .

4- ئەو جۆرە وەبەرهێنانە بوار لە بەردەم سەرمایەی نیشتمانی دەکاتەوە و هانی دەدات لەسەر بەشداری کردن لە بەرهەم هێنان.

5- ئەو جۆرە وەبەرهێنانە توانی وزەی بەرهەمداری لە وولاتانی پێشوازیکار زیاد بکات سەرباری ئەوەی  بەشێك لە قازانجی وەبەرهێنانەکە دووبارە لە پەرەسەندنی پیشەسازی ناوخۆ و پێشکخستنی خەرج دەکرێت.

6- وەبەرهێنانی بیانی راستەوخۆ هانی بەرهەمهێنە نیشتمانیەکان دەدات تاوەکو شێوازی بەرهەمهێنانیان پەرەپێبدەن ئەوەش لە رێگەی لاسایی کردنەوەی وەبەرهێنە بیانیەکان سەرباری زانینی ئارەزووی بە کاربەرەکان و پێشخستنی جۆری بەکاربردن و لە جۆری کالآی خاوەن کوالێتی بەرز.

7- وەبەرهێنانی بیانی راستەوخۆ هانی شارەزا نیشتمانیەکان دەدات کە کۆچ بۆ دەرەوەی ولآت نەکەن بە هۆی بوونی هەلی کار، بەمەش کاریگەری پۆزەتیڤی بۆ سەر کۆچ کردنی عاقلی ئەو ولآتە دەبێت.

8- بارگرانی لەسەر تەرازووی پێدان لەدۆخی وەبەرهێنانی بیانی راستەوخۆ کەمترە لە دۆخی وەبەرهێنانی بیانی ناراستەوخۆ ئەمەش لەبەر ئەوەی قازانج لە قۆناغی سەرەتای پەرەپێدان کەمە [1].

[1]) نزهان محمد سهو السامرائي،محددات ودوافع الاستثمار الاجنبي المباشر وعلاقتها بأهم مؤشرات مناخ الاستثمار دراسة تحليلية للدول المضيفة والشركات المستثمرة،اشارة خاصة للعراق والدول العربية،مجلة تكريت للعلوم الادارية والاقتصادية المجلد12،العدد34،2016.

## باسی سێیەم

## ﴿ ئامانجەکانی وەبەرهێنانی بیانی راستەوخۆ ﴾

لە گرینگترین ئامانجەکانی ولآتانی دواکەوتوو بۆ راکێشانی وەبەرهێنانی بیانی راستەوخۆبریتیە لە:-

1- پالپشتی کردنی تەرازووی پێدانی لە میانەی زیادکردنی هەناردەکان و کەم کردنەوەی هاوردەکان .

2- زیادکردنی تێکرای وەبەرهێنان دوای ئەوە زیادکردنی بەرهەم و بەدی هێنانی تێکرای بەرز بۆ گەشەی ئابووری دێتە دەست.

3- زیادکردنی هەلی کار و کەم کردنەوەی بێکاری لە رێگایی مەشق و پەرەپێدانی دەستی کرێکار .

4- هەمە جۆرکردنی هەیکەلی بەرهەم و هەناردەکان و زیادکردنی گەشەی کەرتی پیشەسازی.

5- بە دەست هێنانی زانیاری هونەری و هزری نوێ کە دەبێتە هۆی دروست کردنی زانیاری بەردەوام و نوێ .[1]

---

[1]) باسم خميس، مبادئ الاقتصاد الكلي، الطبعة الاولى ، الضاد للنشر والتوزيع ،جامعة بغداد،2020، ص189

# باسی چوارەم

## ﴿ ڕێگاکانی وەبەرهێنانی بیانی ڕاستەوخۆ ﴾

### 1- وەبەرهێنانی هاوبەش:

ئەمەش بریتیە لە هاوبەشی دوولایەن لە چەند وڵاتێکی وەبەرهێنان بۆ پرۆژەیەکی دیاریکراو، ئەو هاوبەشیەش خۆی لە لایەنی (کارگێڕی و شارەزایی و داهێنان و نیشانەی بازرگانی ...هتد) دەبینێتەوە.

یان جاری وا هەیە لەڕێگەی سەرمایەوە دەبێ، ئەو جۆرە وەبەرهێنانەش لایەنی نێگەتیف و پۆزەتیڤی خۆی هەیە.

### لایەنی پۆزەتیڤەکان:

ئەو جۆرە وەبەرەهێنانە شارەزایی تەکنەلۆجیا و کارگێڕی و سەرمایەی زیاتر بۆ ناوخۆی وڵات ڕادەکێشێ سەرباری زیادبوونی هەلی کارکردنی نوێ ئەمەش دەستکەوتەکانیەتی لەسەر ئاستی ئابووری هەمووەکی کە بەربڵاوترین جۆری وەبەرهێنانە لە وڵاتە گەشەسەندووەکان دادەنرێ بەهۆی ئەوەی پشکداری نشتیمانی تێدایە.

### لایەنە نێگەتیڤەکانی:

پشکداری نیشتمانی تێدا زۆر کەمە سەرباری ئەوەی ئەو کۆمپانیایانە زۆرجار ڕووبەڕووی مەترسی سیاسی و ئابووری دەبنەوە بۆیە وەبەرهێنانەکەیان ڕەنگە تووشی نزمبوونەوەبێ.

### 2- وەبەرهێنانی خاوەنداریەتی تەواو لە لایەن وەبەرهێنەری بیانی:

زۆر لە کۆمپانی بیانیەکان ئەو جۆرە وەبەرهێنانە بەباش دەزانن ئەویش لە ڕێگەی ئەوەی کە کۆمپانیا بیانیەکانی دایك هەڵدەستن بە دامەزراندنی کۆمپانیا لقیەکان کە بە شێوەیەکی تەواو خاوەنداریەتیان دەکەن.

لە بەرامبەردا وڵاتە گەشەسەندووەکان لەگەل ئەوجۆرە وەبەرهێنانەدا نین. ئەویش بەهۆی لکانی ئابووریەکانیانەوە (التبیعة الاقتصادیة). لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشەوە ئەویش ئەوەیە کە چ ڕوودەدات کاتێك ئابووری وڵاتی بیانی دایك تووشی قەیرانێکی دارایی یان ئابوری دەبێ؟

لە وەڵامدا دەڵێین: دیارە کاریگەریەکی نێگەتیڤی لەسەر کۆمپانیاکە و لقەکانی دەبێت، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کەوا هەندی جار ئەو کۆمپانیایانە هەڵدەستن بە دەرکردنی هەزارەها کرێکار لە وڵاتی پێشوازی بەمەش کارەساتی ئابووری ڕوو لەو وڵاتە دەکات.

بەلاَم سوودی خۆشی هەیە کە بریتیە لەوەی کۆمپانیای دایك ئازادی زیاتری لە هەڵسوکەوتکردن لەگەل یاساکاندا هەیە کە ئاستەنگن لە بەردەم بەرهەم هێنان وەك: (مۆڵەت و ئازادی گواستنەوەی دارایی ...هتد). بۆ ئەو کۆمپانیایانە. لە هەمان کاتدا ئەو کۆمپانیایانەش رووبەرووی مەترسی زۆر دەبنەوەی وەك خۆماڵی کردن، دەستبەسەرداگرتن، پاکتاوکردنی زۆرەملیێ، نەبوونی ئاسایش و جەنگەکان.

## 3- پرۆژەکانی کۆکردنەوە:

ئەو جۆرە وەبەرهێنانە شێوەی رێککەوتنی هەردوولای بیانی و ناوخۆیی دەگرێتە خۆی، بەو پێیەی لایەنی بیانی وەبەرهێن بە پێدانی پێکهاتە و کەرەستەی خاو و پارچەی کالاَیەك دەدات بە لایەنی ناوخۆ بۆ ئەوەی جۆرە کالاَیەك بەرهەم بهێنن وە ئەم جۆرە وەبەرهێنانە دەسکەوتی پۆزەتیڤی هەیە کە بریتیە لە هێنانی شارەزایی لە بوارە جیاجیاکان بۆ پرۆسەی بەرهەمداری بەمەش ولاَتی پێشواز سوود لەو شارەزاییە وەردەگرێ.

## 4- وەبەرهێنانی بیانی لە ناوچەی ئازاد:

ئامانج لەوجۆرە وەبەرهێنانە بریتیە لە هاندانی دامەزراندنی ناوچەی پیشەسازی هەناردەکردن کە ئەمەش دەبێتە هۆی بەدەستهێنانی:

أ- قازانج بە دراوی بیانی. ب- زیادبوونی داهات .

ج- زیادبوونی هەلی کارکردن. د- گواستنەوەی تەکنەلۆجیای نوێ.

هـ- پێشخستنی کادیری کارگێڕی و هونەریی لە ناوخۆ.

وە سەرکەوتنی ئەو پرۆژانەش پشت بەو مەرجانە دەبەستێ کە پەیوەندی دارە بە پرۆژەکە، جاری واهەیە ولاَت رەتی هاوردەکردنی ئەو کالاَیە دەکاتەوە کە رێژەیەکی بەرزی هەیە لە کەرەستەی خاو، یان رێژەیەکی بەرز لە کالاَی ناوەندی هاوردەکراو بەکاردەهێنێ، ئەمەش دەبێتە هۆی نشوست هێنانی ئەو پرۆژەیە، بە هەمان شێوەش هۆکاری سیاسی کاریگەری خۆی هەیە.

# توێژینەوەی چوارەم

# ئەو هۆکارانەی دەبنە هۆی ڕاکێشانی وەبەرهێنانی بیانی ڕاستەوخۆ

## توێژینەوەی چوارەم:-

## ﴿ ئەو هۆکارانەی دەبنە هۆی ڕاکێشانی وەبەرهێنانی بیانی ڕاستەوخۆ ﴾

لە گرنگترین ئەو هۆکارە ئابووریانەی کە وەبەرهێنانی بیانی ڕاستەوخۆ ڕادەکێشێت بۆ وڵاتی دواکەوتو ئەمانەی خوارەوەن:

### 1- قەبارەی بازاڕ و ئەگەرەکانی گەشەکردن:-

ئەم هۆکارە لە هۆکارە گرنگەکان دەژمێردرێ کە کاریگەری هەیە لەسەر بڕیاری جێگرتنی وەبەرهێنانی بیانی، ئاشکرایە گەورەبوونی قەبارەی بازاڕی ئێستا یان ئاینده دەبێتە هۆی زیادکردنی لێشاوی وەبەرهێنانی بیانی، لەو پێوەرانەی کە بەکاردەهێنرێ بۆ پێوانەکردنی قەبارەی بازاڕی ناوخۆ کە بریتین لە: (بەشی تاکەکەس لە سەرجەمی بەرهەمی نەتەوەیی ، ژمارەی دانیشتوان).

بەشی تاکەکەس لە سەرجەمی بەرهەمی نەتەوەیی ئاماژەیە بە خواستی هەنووکە یان ڕەوەن، دەکات، بەڵام بەشی ژمارەی دانیشتوان بریتیە لە قەبارەی ڕەهای بازاڕ بۆ ئاینده. کە پەیوەندیەکی بەهێز هەیە لە نێوان تێکڕای گەشەکردنی بەرهەم وەك پێوەر بە قەبارەی بازاڕی وڵاتی پێشواز لەگەل وەبەرهێنانی بیانی ڕاستەوخۆ،وە بەرزبوونەوەی هەلی پێشکەوتن و چاککردنی ئابووری نەتەوەیی و ڕاکێشانی زیاتری وەبەرهێنانی بیانی بەمەبەستی تێرکردنی ئارەزووە نوێیەکان کە دروست دەبێ لەگەل گەشەکردنی ئەو تێکڕایانە.

### 2- سیاسەتی ئابووری هەمووەکی سەقامگیر:

بوونی ژینگەیەکی ئابووری هەمووەکی لەبار بۆ وەبەرهێنان بریتیە لە سەقامگیری و چەسپاوی، کە بە هۆکاری سەرەکی هێنانی وەبەرهێنان بە شێوەیەکی گشتی و وە بەرهێنانی ڕاستەوخۆ بە تایبەتی دادەنرێ، چونکە ئاماژەی پۆزەتیڤ بە هەریەك لە وەبەرهێنی ناوخۆ و وەبەرهێنی بیانی دەدات، سەرباری گرنگی دان بە ئازادکردنی ئابووری و کرانەوەی بە ڕووی جیهانی دەرەکی، کە بە پێداویستی سەرەکی بۆ لێشاوی وەبەرهێنان دادەنرێ، گەیشتنیشی بەو ژینگەیە لە میانی پراکتیزەکردنی پرۆگرامەکانی چاکسازی ئابووری دێتە دەست، کە کار بۆ کۆنترۆلکردنی هەڵاوسان و کورتهێنانی بودجە و کەمکردنەوەی کورتهێنانی بازرگانی دەکات، هەروەها پراکتیزەکردنی پرۆگرامەکانی بە تایبەتکردن وە بەشێکی تەواوکاری پراکتیزەکردنی پرۆسەی چاکسازی ئابووریە لە وڵاتە پەرەپێدراوەکان، ئەمەش هۆکارێکی گرنگە بۆ لێشاوی وەبەرهێنانی بیای ڕاستەوخۆ، ئەویش لە ڕێگەی ڕەخساندنی هەل بۆ وەبەرهێنە نێودەوڵەتیەکان بەمەبەستی گەیشتن بە بازاڕ و پشکداری کردن لە ئابووری وڵاتێکی دیاریکراو ئنجا بە لابردنی ئاستەنگەکانی بەردەم وەبەرهێنان، لە ئەنجامی بارگرانی گەورە کە دامەزراوەکانی حکومەت دروستی دەکەن، ئەویش لە میانەی

پێدانی ئاماژە بە وەبەرهێن کە حکومەت پێشوازی لە وەبەرهێنی بیانی دەکات بە تایبەتی لە ژێرخانی ئابووری و چاککردنی خزمەتگوزاری پەیوەندیدار بە تایبەتکردن [1]

### 3- چوارچێوەی یاسای و رێکخستنی وەبەرهێنان:

بوونی چوارچێوەی یاسای و رێکخستن بڕیار لەسەر چالاکی وەبەرهێنانی راستەخۆی بیانی دەدات، وە لە گرنگترین ئەو هۆکارانەی کە کاریگەریان لەسەر وەبەرهێنانی بیانی هەیە تا چوارچێوەی وەبەرهێنانی بیانی رابکێشێ دەبێ ئەم مەرجانەی تێدابێ:

أ- بوونی یاسایەکی یەکگرتوو بۆ وەبەرهێنان کە ڕوون و ئاشکرا و سەقامگیربێ، و دژیەك نەبێ لە گەڵ یاساکانی تر، واتە هاوکۆك بێ لەگەڵ رێسا و رێکخستنە نێودەوڵەتیەکان کە دەردەچێت و تایبەتن بە وەبەرهێنان.

ب- بوونی زامنکاری پێویست بۆ پاراستنی وەبەرهێنان لە مەترسیەکان، وەك خۆماڵی کردن، دەست بەسەرداگرتن، سەپاندنی پاسەوانی، لێسەندنەوەی خاوەنداریەتی، لەگەڵ مسۆگەرکردنی ئازادن گۆڕینی قازانج بۆ دەرەوە و ئازادی دەرچون و چونە ژوورەوەی سەرمایە، سەرباری گرنگی بوونی پاراستنی مافی خاوەنداریەتی هزری.

ج- سیستەمێکی دادوەری ئەوتۆ هەبێت، کە توانای جێبەجێکردنی یاسا و گرێبەستەکانی هەبێ، و لە هەمان کاتدا توانای چارەسەرکردنی ناکۆکیەکانی نێوان وەبەرهێن و ولاتی پێشواز بە لێهاتوویی هەبێ،هەروەها ژینگەی رێکخستن و دامەزراوەی لە ولاتی پێشواز کاریگەری گرنگی لەسەر لێشاوی وەبەرهێنانی بیانی راستەوخۆ هەیە، ئەویش بە هۆی تێچوونی مامەڵەکانەوە، ئنجا هەرکاتێ سیستەی کارگێڕی تایبەت بە وەبەرهێنان رێوشوێنەکانی ئاسان و رون و ورد بوون وە دووریش بوو لە بیرۆکراتی، بەهەمان شێوە سادەیی ڕێساکانی رەزامەندی دەربڕین لەسەر وەبەرهێنان، ئەویش لە میانەی دامەزراندنی ناوەندی یەك هەنگاو لە ناو ولاتکە ئەوەش دەبێتە هۆی راکێشانی وەبەرهێنان وە پێچەوانەکەشی راستە، هەروەها هەرکاتێك زانیاری و داتاکان کە وەبەرهێن پێویستیەتی بە شێوەیەکی ورد و پوخت بونی هەبوو ئەوا ئەمەش دەبێتە هۆی راکێشانی وەبەرهێنان.

### 4- ژێرخانی ئابووری گونجاو:

دابینکردنی ژێرخانی ئابووری گونجاو هۆکارێکی گرنگ و سەرەکی یە بۆ راکێشانی وەبەرهێنانی بیانی راستەوخۆ بۆ ولاتانی پێشواز. چونکە پشکداری لە نزمبوونەوەی تێچوونی کارەکانی وەبەرهێن دەکات بەمەش تێکڕای داهاتی زیاددەبێ، بۆ نموونە: هێلی گواستنەوەی نوێ رێگە خۆشدەکات بۆ پرۆسەی گەیشتن بە ناوخۆی ولاتی پێشوازی بەهەمان شێوە لەگەل ولاتانی دیکەی

[1]) أيسر ياسن فهد و احمد محمد جاسم ،أثر التنويع الاقتصادي في تحسين المناخ الاستثماري في العراق للمدة 2003-2014، مجلة جامعة التنمية البشرية / المجلد 3 العدد 2 ، 2017 :ص ص322-343).

جیهانی.هەروەها بوونی هۆکارەکانی گەیاندنی پێشکەوتوو وادەکات بە ئاسانی و خێرایی پەیوەندی لە نێوان لقەکانی کۆمپانیا فرە رەگەزەکانی ولآتانی پێشواز لەگەل ناوەندی سەرەکی ئەو کۆمپانیایانە لە ولآتی دایك درووست ببێ، سەرباری ئەوەی پرۆسەی ئالۆگۆڕی داتا و زانیاریەکان لە نێوان لقەکان و ناوەندی کۆمپانیاکە ئاسان دەکات.

### 5- تاچەند ولآتی پێشواز گرنگی بە پەرەپێدانی دەرامەتی مرۆیی و پالپشتی توانا خۆییەکانی پێشخستنی تەکنەلۆجی دەدات:

کۆمپانیا فرەرەگەزەکان پشکداری بەرچاو لە گواستنەوەی تەکنەلۆژیا و کارامەیی گونجاو بۆ کارگە و کۆمپانیاکانی خۆیان لە ولآتی پێشواز دەگوازنەوە. وە پلەی سوود وەرگرتنی پیشەسازی لەو تەکنەلۆژیایە لەسەر خۆگونجاندن رادەوەستێ ئەمەش لە گۆشەنیگای توانستی مرۆیی و مەودای وەبەرهێنانی ناوخۆیی لە چالاکی توێژینەوە و پێشخستن رادەوەستێت. وە توانستە مرۆییەکانیش توانا هوونەری و کارگێڕی و رێکخستن لە خۆدەگرێ، بەمەش خوێندن و مەشقی پیشەیی لە پێشەوەی ئەو هۆکارانە دێ کە ئاستی دەرامەتی مرۆیی دیار دەکەن، بۆ نموونە: بەرزبوونەوەی رێژەی خوێندن و زیادبوونی مەشقی پیشەیی کارامەیی کرێکاری پێ زیاد دەبێ، بۆیە بوونی دەستی کاری کارامەی هوونەری یەکێکە لە هۆکارەکانی راکێشانی وەبەرهێنانی بیانی، هەروەها وەبەرهێنانی ناوخۆ لە چالاکی توێژینەوە و پەرەپێدان و بوونی سەنتەرەکانی توێژینەوەی زانستی دیارکەری پێویستن بۆ بڕیاردان لەسەر وەبەرهێنان لە ولآتان. وە ئاشکرایە بوونی ئەو هۆکارە دبێتە هۆی زیادبوونی تواناکان و گونجان لەگەل رێگەکانی بەرهەم هێنان و وەرگرتنی تەکنەلۆژیای نوێ لە ولآت [1].

### 6- هاندانی دارایی و پارەدارکردن:

هاندانی وەبەرهێنان کە ولآتانی دواکەوتوو پێشکەش بە وەبەرهێنی بیانی دەکەن رۆلێکی گرنگ لە راکێشانی بیانیەکانی دەبینێ وە ئەم هاندانەش خۆی دەبینێتەوە لە:

#### أ- هاندانی دارایی:

بریتیە لە لێبووردنی باجە کاتیەکان و لێبووردنی کالآی سەرمایەداری هاوردە و لە باجی گومرگی، سەرباری بوونی هاندانیان بۆ ناردنەدەرەوەی بەرهەمەکان.

[1] عدنان مناتي صالح،دور الاستثمار الاجنبي المباشر في التنمية الاقتصادية للدول النامية مع اشارة خاصة للتجربة الصينية ، مجلة كلية بغداد للعلوم الاقتصادية الجامعة العدد الخاص بؤتمر الكلية 2013، ص240.

### ب- هاندانی پارەدارکردن:

بریتیە لە باربۆی حکومەت بە شێوەی راستەوخۆ. بۆ پڕکردنەوەی تێچوونی سەرمایەداری و وەبەرهێنان و تێچوونی خستنەڕووی بازاڕ و بەشداری حکومەت لە خاوەنداریەتی پشکی پرۆژەی وەبەرهێنان.

### ج- هاندانی دیکە:

وەك مسۆگەرکردنی گۆڕینی سەرمایە و قازانج بۆ دەرەوە. ئەمەش بریتیە لە پێدانی وەبەرهێن لە خزمەتگوزاری بنەڕەتی. بۆ نموونە: جێبەجێکردن و کارگێڕی پرۆژکان و دابینکردنی کەرەستەی خاو و پێشکەشکردنی ڕێنمایی تایبەت بە پرۆسەی وەبەرهێنان و هونەری خستنە بازاڕ و یارمەتیدانی مەشق، هەروەها پێدانی ژێرخانی ئابووری بە زەوی و باڵەخانە و ...هتد. ئەمەو هاندانی بۆ دامەزراندنی تێچوونی دامەزراندنی پرۆژەکانی بەشێوەیەکی راستەوخۆ.

# بەشی دووەم[1]

## بەشی پڕاکتیکی توێژینەوە

## شیکردنەوەی وەبەرهێنان لە کۆمپانیاکانی شاری هەولێر

[1] ئامادەکردن لە لایەن توێژەران.


# بەشی دووەم

## بەشی پراکتیکی توێژینەوە

خشتەی ژمارە (1) جۆری کۆمپانیا

| ناونیشان | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| ناوخۆی | 86 | %82 |
| بیانی | 6 | %6 |
| هاوبەش | 13 | %12 |
| کۆی گشتی | 105 | %100 |

سەرچاوە: ئامادەکراوە لە لایەن توێژەران  پشت بەست بە ئەنکیتی پرسینەوە.





سەبارەت بە جۆری ئەو کۆمپانیایانەی کە لە هەرێمی کوردستان کاردەکەن ئەگەر سەیری خشتەی ژمارە (1)  بکەین بۆمان دەردەکەوێ کەوا لە کۆی (105) کۆمپانیا (86) ناوخۆیین کە دەکاتە ڕێژەی(82%), وە (6) کۆمپانیا بیانین کە دەکاتە ڕێژەی(6%), وە (13) کۆمپانیا هاوبەشن کە دەکاتە ڕێژەی (12%), لەوەوە بۆمان دەردەکەوێ کە کۆمپانیای ناوخۆی لە هەرێمی کوردستان زیاترە و بەردەوام روو لە هەڵکشان دایە .

خشتەی ژمارەی(2) مێژووی کارەکەتان بۆ کەی دەگەڕێتەوە

| ساڵ | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| 1990-1980 | 1 | ٪ 1 |
| 2000-1991 | 2 | ٪2 |
| 2010-2001 | 23 | ٪22 |
| 2020-2011 | 69 | ٪67 |
| 2021-2024 | 10 | 10% |
| کۆی گشتی | 105 | ٪100 |

سەرچاوە: ئامادەکراوە لە لایەن توێژەران پشت بەست بە ئەنکیتی پرسینەوە.





لە خشتەی ژمارە 2 بۆمان ڕووندەبێتەوە کە سالانی 2020-2011 گرینگترین ئەو سالانە بوون کە چالاکی وەبەرهینان لە هەریمی کوردستان گەیشتە لوتکە وە بەهاتنی ژمارەیەکی زۆری کۆمپانیای جیاواز وجولەی گەشەی ئابووری دەست پیکرد لە کۆی 105 کۆمپانیا 69 کۆمپانیا لەمسالانە دەستیان بە کاریی وەبەرهینان کردووە کە ریژەکەی دەگاتە ٪66

خشتەی ژمارە(3)چۆنیەتی بەدەست هێنانی مۆڵەتی کۆمپانیا

| ناونیشان | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| ناوخۆی | 86 | %82 |
| بیانی | 5 | 5% |
| هاوبەش | 14 | ٪13 |
| کۆی گشتی | 051 | ٪100 |

سەرچاوە: ئامادەکراوە لە لایەن توێژەران  پشت بەست بە ئەنکیتی پرسینەوە.





لە خشتەی ژمارە (3) بۆمان ڕوون دەبێتەوە کەوا چۆنیەتی بەدەست هێنانی مۆڵەت سێ شێواز لەخۆ دەگرێ لەوانە 1 )(ناوخۆی,بیانی,هاوبەش) , لە کۆی (051) کۆمپانیا (86%یان مۆڵەتی ناوخۆییان بە دەست هێناوە کە دەکاتە, وە (5) لەو کۆمپانیایانە مۆڵەتی بیانیان بەدەست هێناوەکە دەکاتە ڕێژەی (٪6) , وە (14) لەو کۆمپانیایانە مۆڵەتی هاوبەشیان بەدەست هێناوە  کە دەکاتە ڕێژەی(٪13) .

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ لە هەرێمی کوردستان ئەو کۆمپانیایانەی کە مۆڵەتی ناوخۆیان هەیە ڕێژەیان زیاترە لەو کۆمپانیایانەی کە مۆڵەتی بیانی یان هاوبەشیان بەدەست هێناوە .

**خشتەی ژمارە(4) ئایە پەیوەندی کۆمپانیا بە دەستەی وەبەرهێنان لە چ ئاستێکدایە**

| ناونیشان | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەهێزە | 26 | ٪25 |
| لاوازە | 9 | ٪8 |
| نیە | 70 | ٪67 |
| کۆی گشتی | 105 | ٪100٪ |

**سەرچاوە: ئامادەکراوە لە لایەن توێژەران  پشت بەست بە ئەنکیتی پرسینەوە.**





لەخشتەی ژمارە(4) کە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە ئایە پەیوەندی کۆمپانیا بە دەستەی وەبەرهێنان لە چ ئاستێکدایە بۆمان دەردەکەوێ کە لەکۆی (105) کۆمپانیا (26) یان ئاماژە بەوە دەکات کەپەیوەندیان لەگەڵ دەستەی وەبەرهێنان بەهێزە کە دەکاتە ڕێژەی (25٪), وە (9) یان ئاماژە بەوە دەکەن کە پەیوەندیەکەیان لەگەڵ دەستەی وەبەرهێنان لاوازە کە دەکاتە ڕێژەی (8٪) , وە (70) لەو کۆمپانیایانە هیچ پەیوەندیەکیان بە دەستەی وەبەرهێنانەوە نیە کە دەکاتە ڕێژەی (67٪) .

ئەمەش ئەوەمان بۆ دەخاتە ڕوو کەوا دەستەی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان دەستەیەکی پەیوەندی نیە لە ڕووی پەیوەندی بە کۆمپانیاکان .

**خشتەی ژمارە(5) ئەو بوارەی کە کۆمپانیا کاری تێدا ئەنجام دەدات**

| ناونیشان | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بازرگانی | 26 | ٪18 |
| گواستنەوە | 10 | ٪7 |
| مۆبیلیات | 22 | ٪15 |
| بینایە | 19 | 13٪ |
| مۆبایل | 15 | ٪11 |
| حەواڵەی دراو | 16 | ٪11 |
| گەشت و گوزار | 2 | ٪1 |
| خزمەتگوزاری | 13 | ٪9 |
| خۆراك | 8 | 6٪ |
| كارەبا | 11 | %8 |
| کۆی گشتی | 142 | ٪100 |

**سەرچاوە: ئامادەکراوە لە لایەن توێژەران  پشت بەست بە ئەنکیتی پرسینەوە.**




خشتەی ژمارە(5) کە ئاماژەیە بۆ ئەو بوارەی کە کۆمپانیا کاری تێدا ئەنجام دەدات لە کۆی (105) کۆمپانیا (26) لەو کۆمپانیایانە کاری بازرگانی گشتی دەکەن کە دەکاتە ڕێژەی (18٪), وە (10)


کۆمپانیاش کاری گواستنەوە دەکەن کە دەکاتە ڕێژەی (7٪) , هەروەها(22) کۆمپانیاش کاری مۆبیلیات دەکەن , کەدەکاتە ڕێژەی (15٪), وە (19)یان کاری بینایە دەکەن کە دەکاتە ڕێژەی (13٪),وە (15) یان کاری مۆبایل دەکەن کە دەکاتە ڕێژەی (11٪) , وە هەروەها (16) کۆمپانیا کاری حەواڵی دراو دەکەن کە دەکاتە ڕێژەی (11٪) , وە (2) کاری گەشت و گوزاری دەکەن کە دەکاتە (1٪),وە(13)یان کاری خزمتگوزاری دەکەن کە دەکاتە (9٪) , وە هەروەها (8) کاری خۆراکی دەکەن کەدەکاتە ڕێژەی (6٪) , وە (11) کاری کارەبا دەکەن کە دەکاتە (8٪)

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کەوا بواری بازرگانی و موبیلیات زۆرترین پشکیان هەیە , وە کەمترین بواری کەکۆمپانیاکان کاری تێدا ئەنجامدەدەن بوارەکانی خوراك و . گەشت و گوزار

**خشتەی ژمارە (6) ئایە حوکومەت ئاسانکاری بۆ کۆمپانیاکان دەکات لە کاتی کارکردنیاندا**

| ناونیشان | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | 39 | ٪37 |
| نەخێر | 66 | ٪63 |
| کۆی گشتی | 105 | ٪100 |

**سەرچاوە: ئامادەکراوە لە لایەن توێژەران پشت بەست بە ئەنکیتی پرسینەوە.**




له خشتەی ژمارە (6) كە ئاماژەیە بۆ ئەوەی ئایە حوكومەت ئاسانكاری بۆ كۆمپانیاكان دەكات لە كاتی كاركردنیان لە كۆمپانیاكان , ئەگەر سەیری خشتەكەبكەین دەبینین لە كۆی (105) كۆمپانیا (39) یان ئاماژەی بەوە دەدەن كە حوكمەت ئاسانكاریان بۆ دەكات لە كارەكانیان كە بەرێژەی (37٪) وە لە بەرامبەردا (66) كۆمپانیا ئاماژەیان بەوە داوە كە حكومەت ئاسانكاریان بۆ ناكات لە كاتی كارەكانیاندا كە بە ڕێژەی (63٪) .

وە لەم خشتەیە بۆمان دەردەكەوێ كەوا حكومەت ڕۆڵی بەرچاو نابینیت لە یارمەتی دانی كۆمپانیاكان لە كاتی كركردنیان .

**خشتەی ژمارە(7) جۆری ئەو ئاسانكاریەی كە حكومەت بۆ كۆمپانیای دەكات**

| ناونیشان | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
| --- | --- | --- |
| ئاسانكاری نیە | 66 | %56 |
| تەرخانكردنی زەوی | 11 | %9 |
| سوككردنی باج | 18 | %15 |
| دەستی كاری بیانی | 6 | %5 |
| كردنەوەی حساب بانكی | 13 | %11 |
| ڕاهێنانی كرێكاران | 4 | %3 |
| كۆی گشتی | 118 | %99 |

**سەرچاوە: ئامادەكراوە لە لایەن توێژەران پشت بەست بە ئەنكیتی پرسینەوە.**




له خشتەی ژمارە (7) کە جۆری ئەو ئاسانکاریانەیە کە بۆ کۆمپانیاکان دەکرێ بۆمان دەردەکەوێ کەوا لە کۆی (105) کۆمپانیا (66)کۆمپانیا ئاماژەیان بەوە داوە کە ئاسانکاریان بۆ ناکرێ و دەکاتە ڕێژەی (56%,) وە (11) یان ئاسانکاریان بۆ کراوە لە ڕووی تەرخانکردنی زەویەوە کە دەکاتە ڕێژەی ( 9%,) هەروەها (18) یان ئاسانکاریان بۆ کراوە لە ڕوی سووکردنی باجەوە کەدەکاتە (15% ), وە (6) یان ئاسانکاریان بۆ کراوە لە ڕوی دەستی کاری بیانی کە دەکاتە ڕێژەی (5٪) , وە (13) یان ئاسانکاری کردنەوەی حساب بانکیان بۆ کراوە کە دەکاتە (11٪) , وە هەروەها (4) یان لەو کۆمپانیایانە ئاسانکاریان بۆ کراوە لە ڕووی ڕاهێنانی کرێکارەکانیان کە دەکاتە (3٪) .

لە کۆتایدا دەگەین بەو ئەنجامەی کە ئاسانکاری ناکرێت بۆ کۆمپانیا وەبەرهێنەکان لە هەرێمی کوردستان , کە ئەمەش گەورەترین کێشەیە بۆ کۆمپانیاکان .

**خشتەی ژمارە (8) ئایە کۆمپانیا لە کاتی کارەکانیدا گرینگی بە چ بوارێك دەدات**

| ناونیشان | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| پاراستنی ژینگە | 24 | %19 |
| تەندروستی گشتی | 17 | %13 |
| ئاسایش | 13 | %10 |
| پێوەرەکانی کۆنترۆڵ | 75 | %58 |
| کۆی گشتی | 291 | %100 |

**سەرچاوە: ئامادەکراوە لە لایەن توێژەران  پشت بەست بە ئەنکیتی پرسینەوە.**




خشتەی ژمارە(8) ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە ئایە کۆمپانیا لەکاتی کارەکانیدا گرینگی بە چ بوارێك دەدات لە کۆی (105)کۆمپانیا (24 )کۆمپانیا گرینگی بە پاراستنی ژینگە دەدا کە دەکاتە ڕێژەی(19٪) وە (17) یان گرنگی بە تەندروستی گشتی دەدەن کە دەکاتە (13٪), وە (13)یان گرینگی بە ئاسایش دەدەن کە دەکاتە (10٪), وە (75) یان گرینگی بە پیوەرەکانی کۆنترۆڵ دەدەن کە دەکاتە (58٪) .


ئەمەش ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە  کە کۆمپانیاکان هەریەکەو گرینگی بە بوارێك دەدەن وە لەم ناوەندەشدا پشکی شێر بەر.بیوەرەکانی کۆنترۆڵ دەکەویت

.

خشتەی ژمارە(9) ئایە حکومەت دەست لە کاروباری کۆمپانیاکان وەردەدات

| ناونیشان | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | 41 | %39 |
| نەخێر | 64 | %61 |
| کۆی گشتی | 105 | ٪100 |

سەرچاوە: ئامادەکراوە لە لایەن توێژەران پشت بەست بە ئەنکیتی پرسینەوە.





سەبارەت بە خشتەی ژمارە (9) کە دیارخەری بابەتی دەست تێوەردانی حکومەت لە کاروباری کۆمپانیاکان , بۆمان دەردەکەوێت کە لە کۆی (105) کۆمپانیا (41) کۆمپانیا ئاماژە بەوە دەدەن کە حکومەت دەست لە کاروبارەکانیان وەردەدات کە دەکاتە ڕێژەی (39٪), وە (64) لەو کۆمپانیایانە ئاماژە بەوە دەدەن کە حوکومەت دەست لە کاروبارەکان وەرنادات کە دەکاتە ڕێژەی (61٪)

لەوەدا بۆمان دەردەکەوێت کە حکومەت کەمتر دەست لە کاروباری کۆمپانیاکان وەردەدات بۆیە کۆمپانیاکان ئازادی زیاتر لەوەبەرهێنان هەیە.

**خشتەی ژمارە (10) هۆکاری ڕاکێشانی وەبەرهێنانی بیان چی یە**

| ناونیشان | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| سەقامگیری سیاسی | 46 | 21٪ |
| شوێنی پرۆژە | 57 | 6٪2 |
| فراوان بونی قەبارەی بازاڕ | 53 | 16٪ |
| بەرزبونەوەی ڕێژەی هەڵاوسان | 14 | 6٪ |
| لێبوردن لە باج | 43 | 6٪1 |
| گواستنەوە و گەیاندن | 33 | 5٪1 |
| کۆی گشتی | 219 | ٪100 |

**سەرچاوە: ئامادەکراوە لە لایەن توێژەران  پشت بەست بە ئەنکیتی پرسینەوە.**





سەبارەت بە خشتەی ژمارە (10) ئاماژەیە بەوەی ئەو هۆکارانە چین کە والە وەبەرهێنانی بیانی دەکات ڕوو لە هەرێمی کوردستان بکات ئەگەر سەیری خشتەکە بکەین لە کۆی (105 )کۆمپانیا (46) کۆمپانیا هۆکارەکەی بۆ سەقامگیری سیاسی دەگێڕنەوە کە دەکاتە ڕێژەی (21٪) , وە (57) یان هۆکارەکەی بۆ شوێنی پرۆژە دەگەڕێننەوە کە دەکاتە (26٪) , وە (35)  لەو کۆمپانیایانە فراوانبونی قەبارەی بازاڕ بە هۆکار دادەنێن کە دەکاتە (16٪) , وە (14) یان هۆکارەکەی بۆ بەرزبونەوەی ڕێژەی هەلأوسان دەگەڕێننەوە کە دەکاتە (.6%) , وە (34) یان

هۆکارەکەی بۆ لێبوردن لە باج دەگەڕێننەوە کە دەکاتە (16٪) وە(33) یان هۆکارەکەی بۆ گواستنەوەوگەیاندن دەگەڕێننەوە کە دەکاتە (15٪)

**خشتەی ژمارە (11) کۆسپەکانی بەردەم وەبەرهێنان**

| ناونیشان | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| کەمی دەستی کرێکاری لێهاتوو | 72 | %17 |
| کەمی کادری لێهاتوو | 17 | 11٪ |
| نەبونی سەنتەری بازاڕ | 17 | %11 |
| بەربەستی تر | 97 | 61٪ |
| کۆی گشتی | 581 | ٪100 |

**سەرچاوە: ئامادەکراوە لە لایەن توێژەران پشت بەست بە ئەنکیتی پرسینەوە.**




خشتەی ژمارە(11) ئاماژەیە بۆ ئەو کۆسپانەی کە دێنە بەردەم وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان ئەگەر سەیری خشتەکە بکەین دەبینین لە کۆی (105) کۆمپانیا(27)یان ئاماژە بەوە دەدەن کە کەمی دەستی کرێکاری لێهاتوو کێشەی بەردەم وەبەرهێنانە کە دەکاتە ڕێژەی سەدی (17٪) وە (17)یان ئاماژە بەوە دەدەن کەکەمی کادری لێهاتوو کێشەیە لەبەردەم وەبەرهێنان کە دەکاتە (11٪) , وە (17) یان ئاماژە بەوە دەدەن کە نەبونی سەنتەری بازاڕ کێشەیە لە بەردەم وەبەرهێنان کە دەکاتە (11٪), وە (97) یان ئاماژە بەوە دەدەن کە بەربەستی ترە دەبێتە کێشە لە بەردەم وەبەرهێنان کە دەکاتە (61٪)

## دەرئە نجام و پێشنیارەکان

### دەرئە نجام:

لەکۆتایدای توێژینەوەکەمان گەیشتین بە چەند دەرئەنجامێك کە خۆی لەم خاڵانەی خوارەوە دەبینێـەوە :

1- وەبەرهێنان بریتیە لە زیادکردنی سەرجەمی داهاتی نەتەوەی کە ئەمەش دەبێتە هۆی زیادکردنی داهاتی تاکەکەس و گەیشتن بە خۆشگوزەرانیەکی بەدەوام.

2- وەبەرهێنان رۆلێکی گرنگ دەبینێت لە گەشەکردنی ئابووری وڵات بۆیە دەبێت حکومەت گرنگی زیاتری پێبدات.

3- گەیشتین بەو دەرئەنجامەی کەوا لە هەرێمی کوردستان دەزگای ئامارییەکان لە رووی نوێگەرییەوە زۆر لاوازن چونکە تا ئێستا ئامارەکان ناتوانرێ بەدەست بهێنرێن لە رێگەی ئینتەرنێتەوە بە تایبەت لە بواری ئابووری.

4- لەمێژووی ئابووری وەبەرهێنان  زۆر گرنگ بووە بۆ لەناوبردنی قیرانە ئابوورییەکان بۆیە دەبێت گرنکی پێ بدرێت تاوەکو وڵات لە قیران ئابووری بپارێزیت.

### دەرئەنجامی پراکتیکی :

1 لە خشتەی ژمارە (1) بۆمان دەردەکەویت کە کۆمپانیای ناوخۆیی لە هەرێمی کوردستان زیاترە و بەردەوام ڕوو لە هەڵکشان دایە بە بەراورد بە کۆمپانیای ناوخۆیی و بیانی .

2 لە خشتەی ژمارە (2) بۆمان ڕووندەبێتەوە کە ساڵانی 2011_2020 گرنگترین ئەو ساڵأنە بوون کە چالاکی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان گەیشتە لوتکە.

3 لە خشتەی ژمارە (3) بۆمان ڕووندەبێتەوە لە هەرێمی کوردستان ئەو کۆمپانیایانەی کە مۆڵەتی ناوخۆییان هەیە ڕێژەیان زیاترە لەو کۆمپانیایانەی کە مۆڵەتی بیانی یان هاوبەشیان بەدەست هێناوە.

4 لە خشتەی ژمارە (4) بۆمان دەردەکەوێت کەوا دەستەی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان پەیوەندی نییە بە کۆمپانیاکان.

5 لە خشتەی ژمارە (5) بۆمان دەردەکەوێت کەوا بواری بازرگانی و مۆبیلیات زۆرترین پشکیان هەیە ، و کەمترین بواری کە کۆمپانیاکان کاری تێدا ئەنخام دەدەن بوارەکانی خۆراک و گەشت و گوزار.

6 لە خشتەی ژمارە (6) بۆمان دەردەکەوێت کەوا حکومەت ڕۆڵی بەرچاو نابینێت لە یارمەتیدانی کۆمپانیکان لە کاتی کارکردنیان .

7 لە خشتەی ژمارە (7) دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە ئاسانکاری ناکرێت بۆ کۆمپانیا وەبەرهێنەکان لە هەرێمی کوردستان، کە ئەمەس گەورەترین کێشەیە بۆ کۆمپانیاکان.
8 لە خشتەی ژمارە (8) ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کە کۆمپانیاکان هەریەکە و گرنگی بە بوارێک دەدەن و لەم ناوەندەشدا پشکی شێر بەر پێوەرەکانی کۆنترۆڵ دەکەوێت.
9 لە خشتەی ژمارە (9) بۆمان دەردەکەوێت کە حکومەت کەمتر دەست لە کار و باری کۆمپانیاکان وەردەدات بۆیە کۆمپانیاکان ئازادی زیاتری لە وەبەرهێنان هەیە.
10 لە خشتەی ژمارە (10) بۆمان دەردەکەوێت کە ئەو هۆکارانەی کە وا لە وەبەرهێنانی بیانی دەکات ڕوو لە هەرێمی کوردستان بکات زۆرترین هۆکار بۆ شوێنی پڕۆژە دەگەڕێتەوە .
11 لە خشتەی ژمارە (11) بۆمان دەردەکەوێت ئەو کۆسپانەی دێنە بەردەم وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان جگە لەو بەربەستانەی کە هەمانبوو زۆرترینیان بۆ بەربەستی تر دەگەڕێتەوە.

## پێشنیارەکان

1- پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان زیاتر گرنگی بە وەبەرهێنان بدات.

2- پێویستە زیاتر گرنگی بە ئامارەکانی وەبەرهێنان بدرێت.

3- پێویستە حکومەت هەستێ بە دابینکردنی چەند بنەمایەك بۆ وەبەرهێنان لە ڕووی ئاووریەوە گونجاوبێ.

4- لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویست هەوڵی زیاتر بدات بۆ دابینکردنی ژێرخانێکی پتەو و گونجاو بۆ ئەوەی ئاسانکاری بکات لەبەردەم وەبەرهێنان.

5- پێویستە حکومەت پلان و بەرنامەڕێژی گونجا و تۆکمەی هەبێ بۆ وەبەررهێنان و راکێشانی وەبەرهێنانی بیانی.

6- پێوستە حکومەت بیر لەو پرۆژە وەبەرهێنانانە بکاتەوە کە یارمەتی ئابووری و وڵات دەدات لە رووی کەمکردنەوەی هاوردە و زیاترکردن هەناردە.

7- لەسەر حکومەت پێویستە کە رەچاوی وەبەرهێنان بکات بۆ سەرجەم کەرتەکانی ئابووری و گرنگی بەسەرجەم کەرتە ئابووریەکان بدات نەك تەنها گرنگی بە کەرتێك بدا و کەرتەکانی تر پشتگوێ بخات.

## سەرچاوەکان

1- ادريس رمضان حجي، محددات الاستثمار الاجنبي المباشر في اقليم كردستان، دراسة ميدانية في عينة من شركات الاستثمار المباشر(2005-2006) رسالة الماجستير،جامعة صلاح الدين ،كلية الادارة والاقتصاد، اربيل،2008،ص79).

2- مقالة ،شركات الاستثمار، د.حسنى خليل المصرى ، (1981)

. www.arbahcapital.com › node

4- ئابووری نێودەوڵەتی / د. سەردار, م.عامر, د.گوڵدران/ چاپی 2013/ هەولێر.

5- عطية مهدى سليمان ، مبادئ الاقتصاد الكلى ، النضرية والسياسات، ، بغداد(1980) ص143.

6- الحضيرى، حامد العربى، تقيم الاستثمار، دار الكتب العلمية للنشر والتوزيع، القاهرة ،2000.

7- أيسر ياسن فهد و احمد محمد جاسم ،أثر التنويع الاقتصادي في تحسين المناخ الاستثماري في العراق للمدة 2003-2014، مجلة جامعة التنمية البشرية / المجلد 3 العدد 2 ، 2017 :ص ص322-343).

8-عدنان مناتي صالح،دور الاستثمار الاجنبي المباشر في التنمية الاقتصادية للدول النامية مع اشارة خاصة للتجربة الصينية ، مجلة كلية بغداد للعلوم الاقتصادية الجامعة العدد الخاص بؤتمر الكلية 2013، ص240.

9-المؤسسة العربية لضمان الاستثمار وائتمان الصادرات (2016)مناخ الاستثمار في الدول العربية- مؤشر ضمان لجاذبية الاستثمار 2016 ،الكويت، ص 24-26.)

10- خالد واصف الوزني، أحمد حسين الرفاعي، مبادئ الاقتصاد الكلي (بين النظرية والتطبيق) دار وائل للطباعة والنشر والتوزيع2007،.

11- العيساوى، كاضم جاسم، دراسات الجدوى الاقتصادية والتقيم المشروعات ، تحليل نظري وتطبيقي ،دار المناهج للنشر والتوزيع،مكتبة المركزية ،غزة،2005.

12- غانم، عبدالله مهنا و مطر، محمد عطية، مبادئ الاستثمار الهيئة العامة للتعليم التطبيقي والتدريب ، الطبعة الثانية، الكويت ،1990.

13- ابو قحف، عبدالسلام، إقتصاديات الاعمال والاستثمار الدولى،دار الجامعة الجديدة ،الاسكندرية ،مصر ،2003.

14-باسم خميس، مبادئ الاقتصاد الكلي، الطبعة الاولى ، الضاد للنشر والتوزيع ،جامعة بغداد،2020، ص189

15-احمد ابريهي علي ، الاستثمار الاجنبي والنمو وسياسات الاستقرار الاقتصادي،دار الكتب (العراق)، الطبعة الاولى ،بغداد، 2014،ص.205

16-نزهان محمد سهو السامرائي،محددات ودوافع الاستثمار الاجنبي المباشر وعلاقتها بأهم مؤشرات مناخ الاستثمار دراسة تحليلية للدول المضيفة والشركات المستثمرة،اشارة خاصة للعراق والدول العربية،مجلة تكريت للعلوم الادارية والاقتصادية المجلد12،العدد34،2016.

## نموونەیەك لە ئەنكێتی پرسینەوە

ئەنكێتی پرسینەوە

سلاوێكی گەرم.......

بەرێز مەبەست لەم ئەنكێتە ئەنجامدانی توێژینەوەیە لەبارەی چالاكی وەبەرهێنان لە لایەن قوتابیانی قۆناغی چوارەم, دلنیا بن زانیاریەكانتان بۆ مەبەستی توێژینەوەیەی زانستی بەكاردێ و هاوكاریتان خزمەت بە رەوتی بەرەوپێش چوونی زانست دەكات و جێگای رێز و سوپاسە.

1) ئایە جۆری كۆمپانیاكەتان چی یە؟

- ناوخۆیی,
- بیانی,
- هاوبەش.

2) مێژووی كارەكەتان بۆ كەی دەگەرێتەوە؟

- سال.

3) چۆنیەتی بەدەست هێنانی مۆڵەت وەرگرتن و نوێكردنەوە سەبارەت بە كۆمپانیاكەتان چۆنە؟

- ناوخۆیی,
- بیانی,
- هاوبەش.

4) ئایە كۆمپانیاكەتان پەیوەندی بە دەستەی وەبەرهێنانەوە هەیە, پەیوەندیەكەتان چۆنە؟

- بەهێزە,
- لاوازە ,
- نیە.

5) ئایە بوارە كارەكەتان چی دەگرێتەوە؟

- بازرگانی,
- گواستنەوە,
- مۆبیلیات,
- كارەبایی,
- بینایە,
- مۆبایل,
- حەوالەی دراو,
- گەشتوگوزار,
- خزمەتگوزاری ,
- خۆراك.

6) ئایە حكومەت ئاسانكاریتان بۆ دەكات لە میانی ئەنجامدانی كارەكانتان؟

- بەلێ,
- بەخێر.

7) ئەگەر وەلامەكەت بەلێ بوو ئەوا ئاسانكاریەكان چ جۆرێكن؟

- تەرخانكردنی زەوی,
- سوككردنی باج,
- دەستی كاری بیانی,
- كردنەوەی حساب بانكی,
- راهێنانی كرێكاران.

8) ئایە شێوەی گرنگی دانی كۆمپانیاكەتان چ بوارێك دەگرێتەوە؟

- پاراستنی ژینگە,
- تەندروستی گشتی,
- ئاسایش,
- پێوەرەكانی كۆنترۆل.

9) حکومەت مامەڵەی چۆنە لە بواری دەست تێوەردان لە کارەکانتان لە ناو کۆمپانیا؟

- حکومەت دەست لە کارەکان وەردەدات.
- حکومەت دەست لە کارەکان وەرنادات.

10) ئایا چ هۆکارێك هەیە بۆ زیاتر سەرنج راکێشانی وەبەرهێن لە کاری وەبەرهێنان لە کۆمپانیادا؟

- سەقامگیری سیاسی.
- شوێنی جوگرافیا.
- فراوانبوونی قەبارەی بازاڕ.
- بەرزبوونەوەی ریژەی هەڵاوسان.
- لێبووردن لە باجی گومرگی.
- گواستنەوە و گەیاندن.

11) ئایا کۆسپەکانی بەردەم وەبەرهێنانی بیانی لە هەرێمی کوردستان چین؟

- کەمی دەستی کرێکاری لێهاتوو.
- کەمی کادری بەڕێوەبردن و هونەری.
- نەبوونی سەنتەر و کەناڵی بازاڕ و ئیش پێکردن.
- بەربەستی تر.